# هەڵدێرانی عێراق

## لە ڕوانینی

## (سەرۆک بارزانی) یەوە

# هەڵدێرانی عێراق

## لە ڕوانینی

## (سەرۆک بارزانی) یەوە

ناوی کتێب: هەڵدێرانی عێراق
لە ڕوانینی (سەرۆک بارزانی)یەوە
ئامادەکردنی: ئاسۆ عەلی فەرەج
سەرپەرشتیار: زکری مووسا
پێداچوونەوەی عەرەبی: محەممەد عەبدوڵلا کەلاری
پێداچوونەوەی ئینگلیزی: ڤەهێڵ عەلی
وێنە: عەدنان بەرواری
دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆک: ئاسۆ مامزادە
چاپی یەکەم: ٢٠١٩
تیراژ: ٣٠٠٠
چاپخانە: ڕۆکسانا

لەبەڕێوبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان،
ژمارەی سپاردنی(٢٥٩١) ساڵی ٢٠١٩ـی پێدراوە.

# هەڵدێرانی عێراق

## لە ڕوانینی (سەرۆک بارزانی) یەوە

١٤

# تدهور العراق

## من وجهة نظر
## الرئيس مسعود البارزاني

١١٣

# پێڕست

## هۆشدارییەکانی ساڵی ٢٠١٠


- ١٤ لە دیدارێکیدا لەگەڵ (برۆنسلاڤا تۆما شۆڤا) باڵیۆزی کۆماری چیک لە عێراق.
- ١٤ بەشێك لە وتاری سەرۆك بارزانی لەگەڵ ڕەوەندی کورد لە ئەمەریکا.
- ١٥ بەشێک لە وتاری سەرۆك بارزانی لە پەرلەمانی کوردستان.
- ١٦ بەشێک لە دیداری بەڕێز مسعود بارزانی لەگەڵ ڕۆژنامەی ئەلمەدا.
- ١٧ بەشێک لە دیمانەی بەڕێز مسعود بارزانی لەگەڵ ئاژانسی فرانس ٢٤.
- ١٧ بەشێک لە دیمانەی بەڕێز مسعود بارزانی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان.
- ١٨ بەشێک لە وتاری بەڕێز مسعود بارزانی لە کۆنگرەی هاوپەیمانە دیموکراتەکان لە ڕۆما.


## هۆشدارییەکانی ساڵی ٢٠١١


- ٢٠ بەشێک لە وتاری بەڕێز مەسعود بارزانی لە کۆنفرانسی نوێنەرانی حکوومەتی هەرێم لە دەرەوە.
- ٢٢ بەشێک لە وتاری سەرۆك بارزانی بۆ جەماوەری شاری کۆیە.
- ٢٤ بەشێك لە پەیامی سەرۆك بارزانی بۆ هێزە عێراقییەکان.
- ٢٤ لە دیدارێکدا لەگەڵ شێخ سەلاح ئەلعوبێدی وتەبێژی ڕەوتی سەدر.
- ٢٥ لە پەیوەندییەکی تەلیفۆنیدا لەگەڵ جۆ بایدن جێگری سەرۆکی ئەمەریکا.
- ٢٥ لە پەیوەندییەکی تەلیفۆنیدا لەگەڵ نەبیل ئەلعەرەبی ئەمینداری گشتیی کۆمکاری عەرەبی.
- ٢٦ بەشێک لە دیمانەی سەرۆك بارزانی لەگەڵ کەناڵی ئەلجەزیرە.


## هۆشدارییەکانی ساڵی ٢٠١٢


- ٢٨ لە دیدارێکدا لەگەڵ مارتن کۆپلەر نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق.
- ٢٩ لە دیداری ڕۆژنامەوانی لەگەڵ کەناڵی BBC فارسی.
- ٢٩ لە دیدارێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز.
- ٣٠ لە دیدارێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ کەناڵی ئەلعەرەبیە.

٣٠ • لە دیدارێکدا لەگەڵ ئەیاد عەلاوی سەرۆکی لیستی ئەلعێراقیە.

٣١ • لە دیدارێکیدا لەگەڵ کونسوڵ و نوێنەرایەتییەکانی وڵاتان لە هەولێر.

٣٢ • بەشێک لە وتاری سەرۆک بارزانی لە کۆنفرانسی لاوانی چوار پارچەی کوردستان.

٣٣ • بەشێک لە پەیامی سەرۆکی کوردستان بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە.

٣٤ • بەشێک لە دیمانەی بەڕێز مسعود بارزانی لەگەڵ کەناڵی ئەلشەرقیە.

٣٤ • بەشێک لە دیمانەی بەڕێز مسعود بارزانی لەگەڵ کەناڵی ئەلحورە.

٣٦ • بەشێک لە پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕەوەندی کورد لە ئەمەریکا.

٣٦ • بەشێک لە پەیامی بەڕێز مسعود بارزانی لە کۆبوونەوەیدا لەگەڵ میدیاکارانی کوردستان.

٣٧ • بەشێک لە دیمانەی بەڕێز مسعود بارزانی لەگەڵ کەناڵی ئەلجزیرەی ئینگلیزی.

٣٨ • بەشێک لە دیمانەی بەڕێز مسعود بارزانی لەگەڵ ڕۆژنامەی ئەلمەدا.

٤١ • بەشێک لە دیمانەی بەڕێز مەسعود بارزانی لەگەڵ ڕۆژنامەی ئەلزەمان.

هۆشدارییەکانی ساڵی ٢٠١٣

٤٤ • لە دیدارێکیدا لەگەڵ کونسوڵ و نوێنەرایەتییەکانی وڵاتان لە هەولێر.

٤٤ • بەشێک لە بەیاننامەی بەڕێز مسعود بارزانی.

٤٦ • لە دیدارێکیدا لەگەڵ باڵیۆزو نوێنەرانی وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا لە عێراق.

٤٦ • بەشێک لە وتاری سەرۆک بارزانی لە ڕێورەسمی ٦٠ـمین ساڵیادی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان.

٤٨ • بەشێک لە وتاری سەرۆک بارزانی لە ڕێورەسمی ٢٥ ساڵەی یادی هەڵەبجە.

٤٩ • لە دیدارێکیدا لەگەڵ (کلاودیا ڕۆت)، پەرلەمانتارو هاوسەرۆکی پارتی سەوزی ئەڵمانی.

- لە دیدارێکیدا لەگەڵ (لویس ئالایا) سەرۆکی سۆسیال ئەنتەرناسیۆناڵ. ٤٩
- لە دیدارێکیدا لەگەڵ (هۆن گیانی ڤێرنێتی) پەرلەمانتار و جێگری پێشووی وەزیری دەرەوەی ئیتاڵیا. ٥٠
- لە دیدارێکیدا لەگەڵ (فرانکۆ فراتینی) وەزیری پێشووی دەرەوەی ئیتاڵیا. ٥٠
- لە دیدارێکیدا لەگەڵ (رۆبێرت ستیفن بیکرۆفت) باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق. ٥١
- لە دیدارێکیدا لەگەڵ (ئوسامە نوجەیفی) سەرۆکی پەرلەمانی عێراق. ٥٢
- لە دیدارێکیدا لەگەڵ (خوزەیر خوزعی) جێگری سەرکۆماری عێراق. ٥٢

هۆشدارییەکانی ساڵی ٢٠١٤

- بەشێک لە وتەی بەڕێز مسعود بارزانی لە کاتی هێنانەوەی روفاتی ٩٣ قوربانیی بارزانی لە باشووری عێراق. ٥٤
- بەشێک لە دیمانەی بەڕێز مسعود بارزانی لەگەڵ رۆژنامەی ئەلحەیات. ٥٤
- پەیامی سەرۆک بارزانی لەبارەی بارودۆخی سیاسیی عێراق. ٥٦
- بەشێک لە وتاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان. ٥٨
- نامەی کراوەی سەرۆک بارزانی بۆ گەلی عێراق و هێزە نیشتمانییەکان. ٥٩

هۆشدارییەکانی ساڵی ٢٠١٥

- لە دیدارێکدا لەگەڵ د. خالد بن محەمەد ئەلعەتییە وەزیری دەرەوەی قەتەر. ٧٦
- لە دیدارێکدا لەگەڵ کۆمیسارێ باڵای یەکێتی ئەورووپا بۆ کاروباری مرۆیی و بەڕێوەبردنی قەیرانەکان و باڵیۆزی یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق. ٧٦
- لە دیدارێکدا لەگەڵ (لیندا ساچس) باڵیۆزی ئوستراڵیا لە عێراق. ٧٧
- لە دیدارێکدا لەگەڵ جان کۆبیس نوێنەری تایبەتیی سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق. ٧٧
- لە دیدارێکدا لەگەڵ (ئاشتن کارتر) وەزیری بەرگری ئەمەریکا. ٧٨

## هۆشدارییەکانی ساڵی ٢٠١٦


- لە دیدارێکدا لەگەڵ سەرجەم کونسوڵ و نوێنەرانی وڵاتان. ٨٠
- لە دیدارێکدا لەگەڵ تاقانەکانی کارەساتی هەڵەبجەی شەهید. ٨١
- لە دیدارێکی ڕۆژنامەوانی وێبسایتی فیللی. ٨١
- پەیامی سەرۆک بارزانی لە یادی سەدساڵەی ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ. ٨٢
- لە دیدارێکدا لەگەڵ (ئەرشەد ساڵحی) سەرۆکی بەرەی تورکمانی لە عێراق. ٨٥
- لە دیدارێکدا لەگەڵ شاندێکی هاوبەشی کونسووڵ و نوێنەری وڵاتانی عەرەب. ٨٥
- لە دیدارێکدا لەگەڵ (چێن وێتچینگ) باڵیۆزی چین لە عێراق. ٨٦
- لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ کەسایەتی و پیاوماقووڵانی باشیک. ٨٦


## هۆشدارییەکانی ساڵی ٢٠١٧


- لە دیداری لەگەڵ کونسوڵ و نوێنەرایەتی وڵاتان لە هەولێر. ٨٨
- لە پانێلێکی کۆربەندی نێودەوڵەتی داڤۆس. ٨٨
- لە دیدارێکی ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت. ٨٩
- لە دیدارێکدا لەگەڵ (عەممار ئەلحەکیم) سەرۆکی هاوپەیمانیەتیی نیشتمانی. ٩٠
- لە دیدارێکدا لەگەڵ شاندێکی ناوەندی دیالۆگی ڕافیدەین. ٩١
- لە دیدارێکدا لەگەڵ کەسایەتی و ئەکادیمی و سەرۆکهۆزە عەرەبەکانی نەینەوا مەخموور. ٩٢
- لە دیدارێکدا لەگەڵ نوێنەری یەکێتی ئەورووپا لە عێراق و نوێنەری وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا لە باڵیۆزانی بەلجیکاو پۆڵەنداو بەرپرسی ئۆفیسی یەکێتی ئەوروپا لە هەولێر و نوێنەرانی باڵیۆزخانەی ئیتالیاو ئیسپانیاو کۆنسوڵەکانی ئەڵمانیاو فەرەنساو هۆڵەندا و نوێنەرانی کونسوڵخانەی بریتانیا و چیک و ڕۆمانیا لە هەولێر: ٩٣
- لە دیدارێکدا لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی. ٩٤
- بەشێک لە گوتاری سەرۆک بارزانی لە پەرلەمانی ئەورووپا. ٩٥
- پەیامێک لە سەرۆکی بارزانییەوە بۆ ڕای گشتی. ٩٦
- بەشێک لە پەیامی سەرۆک بارزانی لە ڕێوڕەسمی ٣٤ ساڵەی ئەنفالی بارزانییەکاندا. ٩٩

- لە دیدارێکدا لەگەڵ لە شاندێکی باڵای رابیتەی ئیسلامیی جیهانی. ١٠٠
- لە دیدارێکدا لەگەڵ ژمارەیەك رۆژنامەوانی کوێتی. ١٠٠
- لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری مامۆستاو زانای ئایینی و کەسایەتییە فکری و ئایینییەکان. ١٠١
- لە دیدارێکی رۆژنامەی ئەلحەیات. ١٠١
- لە دیدارێکی رۆژنامەی ئەلئەهرامی میسری. ١٠٢
- لە دیدارێکدا لەگەڵ د. سوڵتان ئەبو عرابی ئەمینداری گشتیی یەکێتیی زانکۆکانی عەرەبی. ١٠٤
- لە دیدارێکی رۆژنامەی عوکازی سعودی. ١٠٤
- لە دیدارێکدا لەگەڵ نوێنەرانی سەندیکاو رێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان. ١٠٥
- لە دیدارێکدا لەگەڵ (جێمز ماتیووس) وەزیری بەرگریی ئەمەریکا. ١٠٦
- لە دیدارێکی لەگەڵ (جۆن ئیڤ لۆدریان) وەزیری دەرەوە و (فلورانس پارلی) وەزیری بەرگریی فەرەنسا. ١٠٧
- لە دیدارێکدا لەگەڵ رۆژنامەنوسان و هونەرمەندان. ١٠٧
- لە دیدارێکدا لەگەڵ کەناڵی ئەلعەرەبییە. ١٠٨
- لە دیداریدا لەگەڵ ئەمینداری گشتیی کۆمکاری عەرەبی (ئەحمەد ئەبوغەیت): ١٠٨
- لە دیدارێکی جەماوەریی شاری دهۆك. ١٠٩
- لە دیدارێکدا لەگەڵ (مایکل فالّن) وەزیری بەرگریی بەریتانیا. ١٠٩
- لە دیدارێکی جەماوەری شاری سلێمانی. ١١٠
- لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ (فواد مەعسوم) سەرکۆماری عێراق و حزبەکانی سلێمانی. ١١٠
- بەشێک لە وتاری سەرۆک بارزانی لە کەرنەڤاڵی جەماوەری شاری هەولێر. ١١١
- بەشێک لە پەیامی سەرۆک بارزانی بۆ رای گشتی. ١١١

# پێشەکی

دوای ساڵی ٢٠٠٣ و پاش ڕووخانی ڕژێمی پێشوو، عێراقییەکان ئەو دەرفەتەیان بۆ هاتە پێش کە بە پێچەوانەی سەدەی بیستەم دەوڵەتێکی مەدەنی بنیات بنێن کە تێیدا مافی هاووڵاتی پارێزراو بێت، ماف و داوکاریی پێکهاتەکان ڕەچاو بگیرێت و عێراق ڕزگار بێت لە دیکتاتۆرییەت و دواکەوتوویی.

بەداخەوە ئەو دەرفەتە زێڕینەش لەکیس چوو، دەستوور جێبەجێ نەکرا و بنەماکانی شەراکەت پێشێل کرا و عێراق بووە شوێنی تەڕاتێنی تیرۆریستان و بەرژەوەندیی بیانی و هەرێمایەتی. لەبری دەوڵەتێکی مەدەنی دەوڵەت شێوەی تاییفی وەرگرت و گەندەڵی و حوکمی میلیشیا و عەسابات سەرتاسەری عێراقی تەنی. ئێستا لە کۆتایی ٢٠١٩ نزیک دەبینەوە و شەقامی عێراقی تووڕەیە و چارەنووسی وڵاتیش نادیارە.

سەرۆك مەسعود بارزانی هەر لە ٢٠١٠ـەوە هەستی بە مەترسی كرد و ڕایگەیاند عێراق بەرەو دیكتاتۆریەت و چارەنووسێكی نادیار هەنگاو دەنێت. ئەو یەكەم كەسایەتیی سیاسیی بوو دەستنیشانی ئەوەی كرد كە دەستوور بن پێ خراوە و بنەماكانی شەراكەت و تەوافوق پشتگوێ خراون و تاكڕۆیی بەرەو گەشەسەندنە. سەرۆك بارزانی یەكەم كەس بوو پرسیاری ئەوەی كرد كە سەدان ملیار داهاتی عێراق بەرەو كوێ ڕۆییشتووە.

ئەو كتێبەی لەبەر دەستی خوێنەری بەڕێز دایە پێكهاتووە لە ژمارەیەك لێدوان و دیمانە و پەیام و چاوپێكەوتن لە نێوان ساڵانی ٢٠١٠ هەتا كۆتایی ٢٠١٧ كە سەرۆك مەسعود بارزانی دەیان جار هۆشداریی داوە و پێشبینی ئەو دۆخە خەراپەی كردووە كە ئێستا لە عێراقدا لە ئارا دایە و دەستنیشانی ئەو كەموكورتیانەی كرد كە لە پڕۆسەی سیاسیی عێراقدا هەیە و داوای دەكرد كە چارەسەر بكرێت. چارەسەرنەبوونی هەموو ئەو خاڵە لاوازنە بوونە هۆی ئەوەی عێراق بچێتە نێو لیستی گەندەڵترین و هەژارترین وڵاتانی سەر زەوی كە تێیدا ئومێد بۆ ژیانێكی سەرەبەرز بۆ هاووڵاتیان لە كەمترین ئاستی خۆی دایە.

**زكری مووسا**

# هۆشدارییەکانی
# ساڵی
# ٢٠١٠

١٨ی ١ ی ٢٠١٠



## لە دیدارێکیدا لەگەڵ (برۆنسلاڤا تۆما شۆڤا) باڵیۆزی کۆماری چیك لە عێراق:

" ماددەی ١٤٠ ماددەیەکی دەستوورییە، ئەگەر جێبەجێ بکرابایە ئەوا عێراق تووشی ئەو هەموو گیروگرفتانە نەدەبوو، ئێستاش ئەگەر ئەو ماددەیە چارەسەر نەکرێت، عێراق تووشی گیروگرفتێکی زۆرتر دەبێتەوە، ئێمە وەکو گەلی کوردستان پابەندین بەو دەستوورەی ئێستا، ئەو دەستوورە زامنی مانەوەی عێراقە بە یەکپارچەیی".

٢٨ی ١ ی ٢٠١٠



## بەشێك لە وتاری سەرۆك بارزانی لەگەڵ رەوەندی کورد لە ئەمەریکا:

" داوامان لێکردن ئەوەی ئێمە لە ئێوەمان دەوێ پشتگیری لە حکومەتێکی فیدراڵی دیموکراتی بکەن، ئەگەر سبەینێ هەر

هەوڵێکی وا بدرێت کە کەسێك بەرەو دیکتاتۆریەت بڕوات، با هەموو خەڵکی عێراق تێبگات کە ئەمەریکا تەنها پشتگیری لە دیموکراسی و حکومەتیکی دیموکراسی لە عێراق دەکات. بە سەرۆك ئۆباماو بەرپرسانی ئەمریکام گوت تاکو عێراق خاوەنی ئەو دەستوورە بێت بە یەکپارچەیی دەمێنێتەوە، کە بووە عێراقێکی دیکتاتۆری ئیتر ئێمە ناتوانین لەگەڵ دیکتاتۆر بژین".

٢٩ی ٥ ی ٢٠١٠



## بەشێک لە وتاری سەرۆک بارزانی لە پەرلەمانی کوردستان:

" دوای هەڵبژاردنەکان عێراق کەوتۆتە قەیرانەوە، بۆیە ئێمە وەکو کورد هەڵوێستمان روونە، نابینە بەشێك لە کێشەکان، بەڵکو دەبینە هۆکاری چارەسەری کێشەکان، بۆ کورد کەسەکان گرنگ نین، بەڵکو بەرنامەی حکوومەتی داهاتوو گرنگی و بایەخی هەیە، بەتایبەتی لە مەسەلەی چارەنووسسازی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور".

٣ی ٦ی ٢٠١٠



## بەشێک لە دیداری بەڕێز مسعود بارزانی لەگەڵ ڕۆژنامەی ئەلمەدا:

"پرۆسـەی سیاسـیی ئەمـڕۆی عێـراق مایـەی نیگەرانیـی هەمـوو لایەکمانـە و بـا بـە ڕاشکاوی دانـی پێدا بنێیـن، ئێمـە ئەمـڕۆ لەعێراقدا بـە قەیرانێکـی ڕاسـتەقینەدا تێپەڕدەبیـن، هیوامـان دەخواسـت دوای هەڵبژاردنی٢٠١٠/٣/٧ بارودۆخێکی باشـتر بۆ عێراق بێتەدی و واقیعی عێـراق بـەرەو باشـتر هەنـگاو بنێـت، بـەڵام بەداخـەوە ئـەوەی ڕوویـدا پێچەوانـە بـوو، بەبۆچوونـی مـن هـۆکاری سـەرەکیی ئـەو بارودۆخـە پابەنـد نەبوونـە بەدەسـتوور، چونکە ئەگـەر هەمووالیەکمان پابەندی دەسـتوور بیـن و بـە قسـە و بـە کـردار بەندەکانیـمان جێبەجێکـرد، ئـەوکات بەوپـەڕی ئاسـانی هەمـوو گرفتەکانمـان چارەسـەر دەبـن، بەڵـێ پێویسـتە پابەنـدی دەسـتوور بیـن".

٢٤ـی ٦ ـی ٢٠١٠

## بەشێک لە دیمانەی بەڕێز مسعود بارزانی لەگەڵ ئاژانسی فرانس ٢٤:

"ئێمە لە ئەزموونی یەك حزب ویەك تایفە و تاکەکەس ژیاوین و لەئەنجامی ئەو سیاسەتەدا عێراق بووە وڵاتێکی وێران، بۆیە ناکرێ سیاسەتێکی وا دووبارە بکەینەوە کە ئەزموون شکستهێنانی سەلماند، من پێموایە فیدراڵیزم باشترین و سەرکەوتووترین چارەسەری گرفتەکانی عێراقە".

٢٠ـی ٧ ـی ٢٠١٠




## بەشێک لە دیمانەی بەڕێز مسعود بارزانی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان:

"پرۆسەکە ئێستا زۆر زۆر ئاڵۆز بووە، ڕۆژ بەڕۆژیش باردۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت، گرفتەکە ئەوەیە ئەو برایانەی بەغدا بڕیاری ئەوەیان نەداوە کێشەکە چارەسەر بکەن، خۆشبەختانە ڕۆڵی کورد لەبەغدا

رۆڵێكی ئەرێنییە، ئێمە بەشێك نین لە كێشەكە، بەڵكو بەشێكین لەچارەسەر، هەرواش دەبین، بەڵام جێگەی داخیشە كە دەڵێم باردۆخەكە زۆر ئاڵۆزەو هیچ ئاسۆیەكی ڕووناك نابینم بەم نزیكانە، هیچ شتێكی وا لەبەر چاو نییە ئەو گرێیە بكرێتەوە".

١ی ١٠ی ٢٠١٠



## بەشێک لە وتاری بەڕێز مسعود بارزانی لە کۆنگرەی هاوپەیمانە دیموکراتەکان لە ڕۆما:

"هەندێك هەن لەسەر ئەم بەهایانە لەگەڵمان رای جیاوازیان هەیە، ڕەنگە ئەوە بەهۆی نەزانینەوە بێت، یان تینوێتی بۆ دەسەڵات، یاخود لەبەر ترس لە گۆڕانكاری، لەوانەیە هەر لە خودی شەڕانگێزییەوە بێت، ئەوانە حەز دەكەن عێراق پەلكێشی رابردوو بكرێتەوە، بەڵام من پێموایە خەڵكی عێراق خوازیاری ئەوەن سەركردەكانیان رووەو ئاییندە بڕوانن، خەڵكی عێراق دەیانەوێت دامەزراوە ئەمنییەكان پەیوەندی بەهێز لە نێوان خۆیان و خەڵكدا بهێننە دی و بە مافەكانی مرۆڤەوە پابەندبن، نەك ئەو مافانەیان پێشێل بكەن، خەڵكی عێراق ئارەزوو دەكەن تیرۆر و توندڕەوی كۆتایی پێ بهێنرێ، لەبەرئەوەی تیرۆر دەبێتە هۆی نانەوەی جیاكاری وپەرتكردن لە كۆمەڵگاكەماندا و، دەرفەتەكانی گەشەسەندنیش لەبار دەبات".

# هۆشدارییەکانی
# ساڵی
# ٢٠١١

٦ـی ٩ـی ٢٠١١



## بەشێک لە وتاری بەڕێز مەسعود بارزانی لە کۆنفرانسی نوێنەرانی حکوومەتی هەرێم لە دەرەوە:

"لەگەڵ بەغدا ناتوانم بڵێم ناکۆکیمان نییە، دوا ئەوەی کورد ڕۆڵی گرنگی لە پێکهێنانی حکومەتی ئێستای عێراقدا بینی، پێش ئەوە زۆر ڕێککەوتن لەنێوانماندا هەبوو، بەڵام دوای ئەوەی حکوومەتی بەغدا پێکهات هەروەك ئەوەی ئەو ڕێککەوتنانە نەبن، خەریکە دیسان وەزعەکە بەرەو تاکڕەوی لە حوکمرانی دەچێت، ئێمە نامانەوێ هیچ کێشەیەکی وا بمێنێت کە چارەسەر نەکرێت، ماددەی ١٤٠ بۆ ناوچە دابڕاوەکان مەسەلەیەکی زۆر گەورەیە، ئێمە بۆیە قبوڵمان کرد لەگەڵ عێراق بمێنینەوەو دەنگمان بەدەستووردا، چونکە یەکێك لە شاکارەکانی ئەو دەستوورە ماددەی ١٤٠ و ڕێگەچارەی بۆ ناوچە دابڕاوەکان داناوە، ئێستا ئەمە پشتگوێ بخرێت و فەرامۆش بکرێت، زەمەن ئەم کێشەیە چارەسەر ناکات، چارەسەری ئەم کێشەیە چارەسەرە، ئەم کێشەیە چارەسەر نەکرێت هەمیشە قابیلی تەقینەوەیە، ئێمە نامانەوێت ئەوە دووبارە ببێتەوە، دەمانەوێت ئەو وەزعە چارەسەر بکرێت بەو شێوەی لە دەستووردا هاتووە، جگە لەوەش زۆر پرسیتر هەیە، لەوانە

نـەوت و غــاز و پێشــمەرگە و فیدراڵیــەت، چونکـە زۆر جــاری وا هەیـە بۆنـی ئـەوەی لێدێـت لـە فیدراڵیەت پەشیمان ببنـەوە، هـەروەك ئـەوەی ئەزموونـی عێـراق لەبیـر چووبێتـەوە، لەکاتێکـدا سـەردەمی حکومـی شمولی لەدونیـادا نەمـاوە، ئینجـا وەرە لـە عێـراق لـەم دۆخـەدا کـە کێشـەی ناوخۆیـی زۆرەو قـووڵ و جددیشـن، بـەڵام سـەبارەت بـە کێشـەی هەرێمـی کوردسـتان مـادام ئـەم دەسـتوورە هەیـە و تـا عێـراق پابەنـد بێـت بـەم دەسـتوورە ئێمـە کێشـەیەکی گـەورە نابینیـن، ئەگـەر ئـەو دەسـتورە جێبەجـێ بکرێـت هیـچ کێشـەیەکمان نابێت، ئێمـە وەك کوردسـتان بەشـێك نیـن لـە ململانێـی تائیفـی لـە عێـراق، کـە ئەمـە کێشـەیەکی بنەڕەتـی و گەورەیـە لـە عێـراق، دواتـر دەبێـت زۆر کـەس ئـەوە بزانێـت مەسـەلەی ئێمـە زۆرینـە و کەمینـە نییـە لـە پەرلەمـان، بەڵکـو ئێمـە نەتـەوەی دووەمیـن لـە عێـراق و عێـراق لـە دوو نەتـەوەی سـەرەکی پێکهاتـووە، ئەمـە راسـتیی مەسـەلەکەیە، ئەگـەر وا بیـر بکرێتـەوە هەمـوو جـار بچـن لـە پەرلەمـان دەنـگ بـدەن بـە تەئکیـد ئێمـە هەمیشـە زەرەر دەکەیـن، بـەڵام ئـەوەی پەیوەنـدی بـە هەرێمـی کوردسـتانەوە هەیـە لـە دەستووریشـدا هاتـووە قانوونـی هەرێـم پەسندە، ئێمـە لـە پرسـەکانی سـەرەوەریدا کێشـەمان نییـە، ئێمـە هیـچ کێشـەیەکمان نییـە ئەگەر ئیلتـزام بە دەسـتوور بکرێ، دەبێت تێبگەین لـە بەغـدا کـە ئایا پابەندی دەسـتوور دەبـن و ڕێککەوتنەکانـی نیوانمان جێبەجـێ دەکـەن یـان نـا، ئەوکاتە ئێمـەش خەڵکی کوردسـتان ئـاگادار دەکەینـەوە لـە ئەنجامـەکان و، لـە هـەر بڕیارێـك کـە پێویسـت بێـت بـە راوێـژ لەگـەڵ لایەنـە پەیوەنـدارەکان دەیدەیـن".

١٩ی ٩ی ٢٠١١



## بەشێک لە وتاری سەرۆك بارزانی بۆ جەماوەری شاری کۆیە:

"ناکۆکیمان لەگەڵ بەغدا هەیە، بەڵام ئەو ناکۆکییانە نەگەیشتوونەتە رادەیەك بڵێین چارەسەر ناکرێت، ئەگەر ئیرادەیەکی راستەقینە هەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە، لەهەموو شتێك گرنگتر پابەندبوونە بەدەستوور، چونکە ئەم دەستوورە وایکرد کورد لەچوارچێوەی عێراقدا بێت و قبووڵ بکرێ وبمێنێتەوەو کوردیش رۆڵی سەرەکی لەئازادکردنی عێراق و رزگارکردنی ودامەزراندنەوەی عێراقی تازە بینی، هەروەها لەبناغەی دەستوورەکەش، ئێمە هیچ شتی شەخسیمان لەگەڵ هیچ کەسێك نییە، بەڵام پابەندبوون بەدەستوور مەرجە، دەستوور خۆیشی وادەڵێت واتا پابەندبوون بەم دەستوورە زەمانەتی مانەوەی عێراقە بەیەکپارچەیی وبەهێزەوە، مەسەلەی هاوبەشی راستەقینە شتێکی گرنگە نەك تەنها لەلای کورد، بەڵکو لەلایەن پێکهاتەکانی دیکەی عێراقەوە، پێویستە بەهاوبەشییەکی راستەقینە حوکمی عێراق بکرێ ونابێ یەك لایەن یان یەك حزب بیر لەوە بکاتەوە بەتەنها حوکمی وڵات بکات، چونکە ئەزموونەکانی

پێشتر سەلماندیان ئەم شێوە حوكمە فەشەلی هێناوە، لەبەرئەوە پرسی هاوبەشیی راستەقینە شتێكی زۆر گرنگە، جێبەجێكردنی رێككەوتنەكانی پێش پێكهێنانی حكوومەت دەبێت بەهەند وەربگیرێت، چەندین رێككەوتن هەن لەسەر بنەمای ئەوانە ئەم حكوومەتە پێكهێنرا، بۆیە پێویستە جێبەجێبكرێن بۆئەوەی بەردەوام هەبێت وبارودۆخی عێراق باشتر بێت و گرفت نەمێنێت، بەهیچ شێوەیەك پرسی تاكڕەوی قابیلی قبووڵ نییە و سەریش ناكەوێت، دەبێت هاوسەنگی بۆ هەموو دامودەزگاكانی عێراق بگەڕێتەوە، بەتایبەتی هێزە چەكدارەكان كە هیچ هاوسەنگیی تیادا نەماوە و ئەمە مەترسییەكی گەورەیە، هاوسەنگی لەهێزی چەكداریدا شتێكی زۆر گرنگە بۆ هەموو گەلی عێراق، وەك چۆن لە دەستووردا هاتووە نەوت وغاز موڵكی هەموو عێراقە، سوپاش موڵكی هەمووانە و دەبێ خەڵكی عێراق تیایدا بەشدار بێت وئەوە لەخزمەتی هەموو خەڵكدا بێت، نابێ جارێكی دیكە بەو فەرهەنگە سوپایەك دروست ببێتەوە بۆ چەوساندنەوە و ئەنفال وكیمیابارانكردنی كورد یان خەڵكی دیكە یان لەشوێنی دیكە، بۆمن ئەوە لەهەموو شتێك گرنگترە، چونكە گەڕانەوەی هاوسەنگی بۆناو هێزی چەكدار لەهەموو مەسەلەیەك گرنگترە".

١٩ی ١٢ی ٢٠١١



## بەشێك لە پەیامی سەرۆك بارزانی بۆ هێزە عێراقییەكان:

"زۆر بە داخەوە، ڕەوشەكە بەرەو تەنگژەبوونی توند دەچێت و شەڕاكەت لە حوكمدا لەبەردەم هەڕەشەدایە، بۆیە داوا لە هەموو هێزو لایەنەكان دەكەم هەنگاو بەرەو نیازپاكی و لێبوردەیی بنێن و چاو بە هەڵوێستە توندەكاندا بخشێننەوەو، بۆ ئەو ڕێككەوتننامانە بگەڕێنەوە كە دەستپێشخەرییەكەی پارسەڵمان لەسەر بنیات نابوو، لەسەرووی هەموویانەوە شەراكەت ".

٢٠ی ١٢ی ٢٠١١



## لە دیدارێكدا لەگەڵ (شێخ سەلاح ئەلعوبێدی) وتەبێژی ڕەوتی سەدر:

"نابێت لە وەرگرتنی بڕیارە چارەنووسسازەكاندا تاكڕەوی بكرێت و بەستنی كۆنگرەیەكی فراوانی نیشتمانی پێویستییەكی هەنووكەییە".

٢٤ی ١٢ی ٢٠١١



## لە پەیوەندییەکی تەلیفۆنیدا لەگەڵ (جۆ بایدن) جێگری سەرۆکی ئەمەریکا:

گفتوگۆ لەبارەی پرۆسەی سیاسی عێراق و ئەو تەنگژەیە کرا کە بەم دواییە دووچاری پرۆسەی سیاسی هاتۆتەوە، هەردوولا بیروڕایان لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردن و دەربازبوون لەو تەنگژەیە گۆڕییەوە.

٢٦ی ١٢ی ٢٠١١



## لە پەیوەندییەکی تەلیفۆنیدا لەگەڵ (نەبیل ئەلعەرەبی) ئەمینداری گشتیی کۆمکاری عەرەبی:

لە پەیوەندییە تەلەفۆنیەکەدا، سەرۆك بارزانی باسی لە پرۆسەی سیاسی عێراق و قەیران و تەنگژە سیاسییەکان و مەترسیدارەکانی ئایندەی ئەو وڵاتە کرد، هەردوولا لەسەر چارەسەرکردن و دەرچوون لەو قەیرانانە هاوڕا بوون و تەکیدیان لەسەر گفتوگۆ و لێگەیشتن کردەوە.

٢٨ی ١٢ی ٢٠١١



## بەشێک لە دیمانەی سەرۆک بارزانی لەگەڵ کەناڵی ئەلجەزیرە:

"لەوەتی رووخانی رژێمی پێشووەوە، ئێستا ئێمە لەترسناکترین قەیرانی سیاسیدا دەژین کە عێراق پێیدا تێدەپەڕێت، زۆر دەستپێشخەری پێشکەشکران، من وتم با گردبوونەوەیەکی نیشتمانی هەبێت برایان لەسەری رێکبکەون ئێمە پاڵپشتییان دەکەین، بەڵام ئەگەر ئەوان پێیان باش بوو ئەم گردبوونەوەیە لە هەولێر بکرێت، ئێمە ئامادەین بۆ پێشکەشکردنی هەموو شێوەیەکی هاوکاری، گرنگ ئەوەیە کۆبوونەوەکە بکرێت و سەرکردە سیاسییەکان ئامادەی بن بۆ قسەکردن لەبارەی ئەو قەیرانەو دەرچوونی عێراق لەو قەیرانەی کە لەڕاستیدا قەیرانێکی راستەقینەی ترسناکە، ئەو قەیرانە هەڕەشە لە جەوهەری شەراکەتی نیشتیمانی دەکات، بۆیە دەڵێم ئەمە قەیرانێکی ترسناکە و پرۆسەی سیاسی لەژێر هەڕەشەی رووخاندایە، بۆیە جارێکی دیکە داوای گرێدانی کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی سەرکردە سیاسییەکان دەکەین بۆ ئەم پرسە، ئێستا ناکرێ هەڵبژاردەو مەرجی پێشوەختە هەبێت، بەڵام زۆر پێویستە چاو بەبارودۆخی ئێستاو پرەنسیپی شەراکەت بخشێنرێت، چونکە ئەو پرەنسیپە بەڕاستی لە هەڕەشەدایە".

# هۆشدارییەکانی
# ساڵــی
# ٢٠١٢

٤ی ای ٢٠١٢



## له دیدارێكدا لەگەڵ مارتن كۆپلەر نوێنەری سكرتێری گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان لە عێراق:

"هێزە سیاسییەكانی عێراق دەتوانن لە ڕێگەی دانیشتن و ئاڵوگۆڕكردنی بیروڕاوە بگەنە ڕێگە چارەیەك بۆ ئەو قەیرانەی كە ماوەیەكە لە عێراق سەریهەڵداوە، بەستنی كۆنگرەیەكی نیشتمانی فراوان بۆ هەموو هێز و لایەنە سیاسییەكان پێویستە، بەمەبەستی چارەسەركردنی گیروگرفتەكانی پەیوەست بە حوكمڕانی و بەڕێوەچوونی وڵات و كێشە هەڵپەسێردراوەكانی نێوان حكومەتی فیدراڵ و حكومەتی هەرێم، پێویستە لە چارەسەری ئەو هەموو كێشانە پشت بە دەستوور ببەسترێت".

٥ی ١ی ٢٠١٢

BBC PERSIAN




## لە دیداری ڕۆژنامەوانی لەگەڵ کەناڵی BBC فارسی:

"ئێمە وەکو کورد لە حکوومەتێکی کوردیی شیعی بێ سوننەدا بەشدار نابین، هەروەها لە حکوومەتێکی کوردیی سوننی بێ شیعەیشدا نابینە هاوبەش، بەڵام ئەگەر گرووپەکەی مالیکی کێشەکان چارە نەکەن، ئەوا ئێمە هەموو ئەگەرێکمان لە بەردەمدایە".

٧ی ١ی ٢٠١٢

REUTERS



## لە دیدارێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز:

"ئێمە پشتگیری لە سیستمێکی فیدراڵی دەکەین لەم وڵاتەدا، ڕێگرتن لە جێبەجێکردنی ماددەکانی دەستوور دەبێتە هۆی ئەوەی وڵات ڕووبەڕووی کێشەی گەورە ببێتەوە، کارەسات دەخوڵقێنێت".

٢٢ـی ١ـی ٢٠١٢



العربية

## لە دیدارێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ کەناڵی ئەلعەرەبیە:

"تاکڕەوی لە بڕیاردان هەیە، بەتایبەتی لە بواری بونیادنانەوەی سوپا، لەوێدا تاکڕەوییەکی دیار هەیە و ئەوانی دیکەش پشتگوێ دەخرێت، لەکاتێکدا سوپا موڵکی هەموو گەلی ئێراقە وەکو لە دەستووردا هاتووە، قبووڵیش ناکرێت کەسێك یان بەرپرسێك لە هەر پۆست وپێگەیەکدا بێت بەتاکڕەوی سوپا ڕێکبخاتەوە".

٢٥ـی ١ـی ٢٠١٢



## لە دیدارێکدا لەگەڵ (ئەیاد عەلاوی) سەرۆکی لیستی ئەلعێراقیە:

"پێویستە پەنا بۆ گفتوگۆی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی کێشە و مەسەلە هەڵپەسێردراوەکان ببرێت، لە پێناوی ئەوەیدۆخەکە لەوە زیاتر ئاڵۆز نەبێت با کار بکەین بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە و ڕزگارکردنی وڵات لەو قەیرانەی دووچاری بۆتەوە".

٣٠ـی ١ـی ٢٠١٢



## لە دیدارێکیدا لەگەڵ کونسوڵ و نوێنەرایەتییەکانی وڵاتان لە هەولێر:

"ئـەو قەیرانـەی ماوەیەکـە دووچـاری پرۆسـەی سیاسـی عێـراق بۆتـەوە، گەورەتریـن قەیرانـە لـە پـاش سـاڵی ٢٠٠٣، پێـش و پاشـی ئـەو سـاڵە لەسـەر کۆمەڵێـك پرەنسـیپ رێـك بوویـن، لەوانـە حوکمـی عێـراق دەبێـت بـە هاوبەشـی بکرێـت و عێراقیـش دەبـێ فیدراڵـی دیموکراتـی بێـت، حکومەتـی ئێسـتاش لەسـەر چەنـد بنچینەیـەك دامـەزرا وەك شـەراکەتی راسـتەقینە و پابەندبـوون بـە دەسـتوورو گەڕاندنـەوەی هاوسـەنگی بـۆ نێـو دامـودەزگاکان و چارەسـەرکردنی گیروگرفتەکانـی نێـوان هەولێـرو بەغـدا، ئێمـە وەکـو کـورد هەوڵمانـداوە رۆڵـی چارەسـەر بـۆ هەمـوو کێشـەکان ببینیـن، بـەڵام پابەنـد نەبـوون بـەو بنچینانـە مـەرج نییـە بـەردەوام بیـن لەسـەر هەڵوێسـتی پێشـووی خۆمـان، چاوەڕوانـی گرێدانـی کۆبوونەوەیەکـی فراوانیـن بۆئـەوەی رێگەچارەیـەك بـۆ گرفتـەکان بدۆزینـەوەو بـڕوا بـە یەکـتر بکەینـە ئامانجـی سـەرەکیمان، چونکـە ئـەو قەیرانـەی ئێسـتا قەیرانـی بـێ بڕواییـە".

١٥ی ٣ی ٢٠١٢




## بەشێک لە وتاری سەرۆك بارزانی لە کۆنفرانسی لاوانی چوار پارچەی کوردستان:

"ئێمە قبوڵ ناکەین کەسێک لە بەغدا هەڵسێ تەسەور بکات منەتێکمان لێدەکات ئەو مافی بە ئێمە داوە، ئەو هەوڵ ئەدات مافی ئێمە داگیر بکات، ئەگەر مافی ئێمە لای کەسێکە لە بەغدا، ئێمە نامانەوێت، بەڵام ئەگەر بیەوێت زەوتی بکات، ئەوکات ئێمە بەرگری دەکەین. بەداخەوە هەندێ کەس پەیدابوون، چاویان بەم سەقامگیری و ئارامی و پێشکەوتنەی کوردستان هەڵنایە، خۆیان شکستخواردوون، نەیانتوانیوە ئەوە بۆ شوێنەکانی تری عێراق بکەن، دەیانەوێ ئێمەش وەکو ئەوان بین.

ئەگینا با هەموو دونیا بزانێت، یەک گرێبەست لەگەڵ کومپانیاکانی نەوت پێچەوانەی دەستوورو یاسا نییە، کێشە لەگەڵ ئەو گرێبەستانە نییە ئایا لەگەڵ دەستوور دەگونجێت یان نا، کێشە ئەوەیە نایانەوێت کوردستان پێش بکەوێت، لەبەر ئەوە ئێمە بەردەوام ئەبین لەسەر سیاسەتی خۆمان، ئێمە پابەندین بە دەستوور، بەغدا هی هەموومانە و تاکو عێراق خاوەنی ئەم دەستوورە بێت، هیچ کێشەیەک روونادات، بەڵام هەر کات ئیلتیزام بەو دەستوورە نەکرا، خوا دەزانێت عێراق بەرەو چ هەڵدێرێک دەچێت، لە رۆژی یەکەمەوە سیاسەتمان روون بووە، کە

بەشێک نین لە کێشەبەڵکو بەشێکین لە چارەسەر، دوای رووخانی رژێمی سەددام لەگەڵ جەنابی مام جەلال چووین بۆ بەغدا، بە برادەرانی دیکەشمان گوت کە ئەزموونی ئێمە لە خزمەتی ئێوەدایە، ئامادەین یارمەتی ئێوە بدەین، بەداخەوە لەجیاتی ئەوەی سوود لە ئەزموونی ئێمە بکەن، ئەوان شێوەی تریان هەڵبژارد و ئەمەش وەزعی عێراقە کە دەبینین".

٢٠ی ٣ی ٢٠١٢



## بەشێک لە پەیامی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە:

"کاتی ئەوە هاتووە بڵێین ئیتر بەسە، عێراق بەرەو هەڵدێر دەچێت، خەریکە چەند کەسێك حوکمی عێراق بەرەو دیکتاتۆریەت ببەن، عێراق لە قەیرانێکی جددیدایە، بە نسبەتی ئێمە بەردەوامبوونی ئەم وەزعە بە هیچ شێوەیەك مایەی قەبوول نییە، داوا لە رابەرانی هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکانی عێراق دەکەم دانیشن و بەپەلە چارەسەرێك بۆ ئەم وەزعە بدۆزنەوە، میکانیزمی بۆ دابنێن و لە کاتێکی کورت چارەسەر بکرێت، ئەگینا ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ میللەتی خۆمان و بڕیاری کۆتایی میللەتی ئێمە دەیدات، پاشان با کەس گلەیی نەکات".

٢٨ـی ٣ـی ٢٠١٢

الشرقية



## بەشێک لە دیمانەی بەڕێز مسعود بارزانی لەگەڵ کەناڵی ئەلشەرقیە:

"بــارودۆخ گەیشــتۆتە ئاقارێکی ترســناك و مــن داوام لــە ســەرکردە سیاسـییەکانی عێـراق کـرد بەپەلـە کۆببنـەوە و بارودۆخەکـە چارسـەر بکـەن، چونکـە هیـچ کەسـێك تەحەممولـی ئـەو بارودۆخـە نـاکات".

٨ـی ٤ـی ٢٠١٢

الحرة
ALHURRA TV



## بەشێک لە دیمانەی بەڕێز مسعود بارزانی لەگەڵ کەناڵی ئەلحورە:

"مـن دیـدی خـۆم و مەترسـییەکانی خۆم لەبـارەی ئاینـدەی عێـراق بـۆ سـەرۆك ئۆبـاما شـیکردەوە، هەمـوو وردەکارییەکانم بۆی باسـکرد، کـەوا عێـراق بـەرەو تاکـڕەوی و دیکتاتۆرییـەت دەچێـت

و قەیرانێکی راستەقینە هەیە، دەبێ عێراق بە شەراکەتێکی راستەقینە حوکم بکرێت کە واتای هەبوونی وەزیرێك یان چەند وەزیر نییە، بەڵکو هاوبەشییە لە بڕیاردان لەبارەی پرسە چارەنووسساز و سەرەکییەکان و پابەندبوون بە دەستوور، من راستییەکانم بۆ گەلیکورد و گەلیعێراق روونکردەوە و داوام لە لایەنە سیاسییەکان کرد، ئێستاش داوا دەکەم ئاگاداری بارودۆخەکە بن و چارەسەری گونجاو بدۆزنەوە، چونکە ئامانجیئێمە چارەسەرکردنی بارودۆخەکەیە، بەڵام بێگومان بارودۆخیئێستا بەدڵی ئێمە نییە.

لە دیدارێکدا لەسەرئاستێکی باڵا بە ئامادەبوونی ئەفسەر و پلەدارانی سوپای عێراق، باسیئەوەکرابوو {دەبێت چاوەڕوان بن تاکو فڕۆکەی F16دەگات بۆئەوەیئەرکیان ئاسان بکات و کورد بۆ دوای(سەلاحەددین) بکشێننەوە}، ئێمە واماندەزانی ئەو کولتوورە کۆتایی هاتووە، ئێمە برای یەکین و عێراقیتازە بونیاد دەنێینەوە، بەڵام بەداخەوە عەقڵییەتەکە هەرماوە، فڕۆکەی F16 لای ئێمە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ مێك 23 و 25 و میراج F1 و سیخۆی 24نییە، هەموویان یەك شتن، هەموویان دەکوژن و وێران دەکەن، بەڵام ئێمە چۆك دانادەین".

٩ـی ٤ـی ٢٠١٢



## بەشێک لە پەیامی سەرۆك بارزانی لەگەڵ ڕەوەندی کورد لە ئەمەریکا:

"عێـراق لـە قەیرانێکـی جـددی دایـە و سیسـتمی بەڕێوەبردنیشـی، بـەرەو تاکـڕەوی دەڕوات و بنەماکانـی دیموکراتیـەت و شـەراکەتی راسـتەقینەش لـە مەترسـیدایە و دەسـتووری هەمیشـەیی وڵاتەکـەش رۆژانـە پێشـێل دەکرێـت".

٢٢ـی ٤ـی ٢٠١٢



## بەشێک لە پەیامی بەڕێز مسعود بارزانی لە کۆبوونەوەیدا لەگەڵ میدیاکارانی کوردستان:

"کاتێـك بـە دوو قۆڵـی و سـێ قۆڵـی دادەنیشـین هەمـوو رازیـن، بـەڵام دەبـێ بـە کـردەوە چارەسـەرێك لـەم بارودۆخـە بکرێـت، ئـەم بارودۆخـە بەمشـێوەیە بـڕوات عێـراق بـەرەو هەڵدێـر دەچێـت، عێـراق بـەرەو دیکتاتۆرییـەت دەچێـت".

٣٠ی ٧ی ٢٠١٢




## بەشێک لە دیمانەی بەڕێز مسعود بارزانی لەگەڵ کەناڵی ئەلجزیرەی ئینگلیزی:

"عێراق ڕووبەڕووی قەیرانێکی ڕاستەقینە بۆتەوە و ئێمە دوو جۆر کێشەمان هەیە، یەکێکیان گشتییە بۆ عێراق و ئەوی دیکەش کێشەی نێوان کوردستان و بەغدایە، ئێمە داوای چارەسەری ڕاستەقینەی هەردوو جۆری کێشەکان دەکەین، داوا لە سەرکردە عێراقییەکان دەکەم گفتوگۆمان لەگەڵ بکەن، ئێمە ئامادەین هەموو شتێك بکەین بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، ئەگەر کوتلە سیاسییەکانی دیکە ئامادە نەبن، ئەوا من دەگەڕێمەوە بۆ لای گەلی کورد و ئەوسا داوایان لێ دەکەم کە چی بکەین، ئەمە ئەم عێراقەی جاران نییە، ئێمە بەشداربووین و هاوبەشبووین لە بنیاتنانی عێراقی تازە، عێراقی تازە دەبێت بە هاوبەشی بەڕێوەببرێت، دەبێت هاوبەشێتی هەبێت، هاوبەشی ڕاستەقینە لەم وڵاتەدا، نەك یەك کەس و یەك تاقم وڵات بەڕێوەبەرن، کێشەکە لەسەر ئەمەیە، کێشەی حوکمی یەك کەس و خۆسەپاندنی حوکمڕانی مەرکەزییە،

پێموانیە عێراقییەکانیش ئەمەیان قبووڵ بێت، نە سوننە و نە شیعەکان ئەم بارودۆخەی ئێستایان قبووڵ نییە، کە گرووپێك هەموو وڵات بەرەو هەڵدێر ببەن، باوەڕناکەم ئەوان ئەم جۆرە رەفتارەیان قبووڵ بێت کە یەکێك ویستی خۆی بسەپێنێت، جا یان ئەوەتا ئێمە شەراکەتی راستەقینەمان دەبێت لەم وڵاتە، یان خەڵکی عێراق بە شیعە و سوننەوە ئەم دۆخەی ئێستا قبووڵ ناکەن".

٣ی ١٢ی ٢٠١٢


أبدى استغرابه من "صمت الناس" على فشل الحكومة في تقديم أبسط الخدمات

بارزاني لـ(المدى): يمكن للكرد أن يعالجوا وضع المالكي بمفردهم لكننا حريصون على موقف وطني يتخذه جميع الشركاء

أكد رئيس إقليم كردستان مسعود بارزاني في حوار خص به "المدى" أن قوات البيشمركة لن تبادر إلى فتح النار على قوات الجيش العراقي التي أرسلت إلى المناطق المتنازع عليها، وقال ردا على سؤال بشأن التوتر العسكري والأمني جنوبي كركوك بين قوات الإقليم وقوات "عمليات دجلة"، إن البيشمركة "لن تطلق رصاصة الحرب الأولى ونحن لن نكون البادئين، رغم أننا على أتم الاستعداد لأي شكل من اشكال المواجهة المسلحة".

وشدد بارزاني الذي زارته "المدى" في مكتبه في سره رش شمالي اربيل، على ان مشكلة كردستان "لا تتعلق بكردستان

## بەشێک لە دیمانەی بەڕێز مسعود بارزانی لەگەڵ ڕۆژنامەی ئەلمەدا:

"کە لە ساڵی ٢٠٠٨ نوری مالیکی (سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی عێراق) سوپای بەرەو کەرکووك جووڵاند دەستم لێی شووشت، چونکە باوەڕی بەوە هەبوو هەمان رەفتار دووبارە بکاتەوە و لە ئەنجامدا ئەو قەیرانە دروستبوو، سوپای عێراق یەکێکە لەترسناکترین ئەو پرسانەی پێویستە حکوومەت زوو

چارەسەری بکات، من دژی سوپاو پڕچەککردنی نیم، بەڵام دژی ئەوەم سوپا ببێتە موڵکی تاکە کەسێك، ئەمە ئەو سوپایە نییە کە خەباتمان بۆ پێکهێنانی کرد و لە دەوڵەتی تازەی مەدەنیدا زۆر لە یاساکانی پەیوەست بە سوپا پێشێلکران بەتایبەتی لەڕووی دامەزراندنی سەرکردەکانی سوپا، کە دەبوایە لەڕێگەی پەرلەمانەوە بووایە، بەڵام تائێستا هیچ یەك لەئەفسەرو پلەدارانی سوپا بەمشێوەیە دانەمەزراون، تەنانەت پەرلەمان ئاگای لێی نییە، کەواتە ئەو سوپایەی ئێستا لەڕووی دەستوورییەوە نایاساییە، سەرۆکی حکوومەتیش شێوازێکی زۆر ترسناك بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم سوپایەدا پەیڕەو دەکات، بەشێوەیەك ڕێگە بۆ سوپا خۆشدەکات دەست لەکاروباری سیاسی وڵات وەربدات، ئەو ڕەفتارە وامان لێدەکات پێشبینی کودەتای سەربازی هاوشێوەی جاران بکەین، ئەو ئەفسەرە کوردانەی لەنێو سوپادان هەمیشە بەشێوەیەکی نەرێنی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی هێزی چەکداری یەکێك لەئەفسەرانی سوپا بەمالیکی گوتبوو: فەرمانمان پێبکەیت ئێستا خۆمان دەگەیێنینە کورد و لە سەلاحەددین وەدەریان دەخەین، ئەویش گوتبووی: چاوەڕوان بن فڕۆکەی F16مان بۆ بێت بزانن چی دەکەم.

بۆ من هیچ جیاوازییەك لەنێوان F16 و مێگ 17 نییە کە سەددام بۆ لێدانی ئێمە بەکاری هێنا، بەڵام لێرەدا نیاز و عەقڵییەتەکان زۆر ترسناکن، مالیکی لەجیاتی ئەوەی سوپا بۆ پاراستنی عێراق تەرخان بکات وچەکی بۆ بکڕێت، چاوەڕوانی چەك دەکات بۆئەوەی لەبەشەکانی دیکەی عێراق بدات وسوپا

بخاتە نێو ململانێیە سیاسییەکانەوە، ئەمەش پێشێلکارییەکی گەورەی دەستوورە. شێوازی بیرکردنەوەی مالیکی وعەقڵییەتی ئەو مەترسییەکی گەورەی دروستکردووە و ئێستا دەیەوێ دوور لە شەرعییەت ببێتە حاکمی رەهای وڵات، چ تاقمێکی راوێژکاری لە دەورووبەری مالیکیدان و ئەم راوێژییانەی بۆ دووپاتدەکەنەوە؟ ئایا مەعقوولە دوای ئەو هەموو ساڵەی خەبات و قوربانیدان بۆ رووخاندنی رژێمی سەددام حوسێن، بەئەنفال و کیمیاباران وجینۆساید جارێکی دیکە کورد دژی سەرۆک وەزیران بن کە دەیەوێ ببێتە حاکمێکی رەهاو دەست لە کاروباری کوردستان وەربدات و رەچاوی تایبەتمەندی نەکات؟

بۆ نموونە بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر لەلایەن ئەوەوە دابمەزرێت؟ ئێمە ئامادەین بەتەنها ئەو بارودۆخە چارەسەر بکەین ئەگەر هێزەکانی دیکەی عێراقی بێدەنگ بوون، بەڵام ئێمە چارەسەرێکی نیشتیمانیی عێراقیمان دەوێت، سنوورێك بۆ ئەو شێوازەی بەڕێوەبردنی دەوڵەت وئەو رەفتارانەی مالیکی دابنێین، من هیچ بڕیاێکم نەداوەو نایدەم بەبێ گەڕانەوە بۆ حزب ولایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەدەسەڵات وئۆپۆزیسیۆنەوەو، لەدوایین کۆبوونەوەی ئەو حزبانە لەسەر ئەوە رێککەوتین پەیامێك بۆ (هاوپەیمانیی نیشتیمانی) بنێرین، من نازانم خەڵکی عێراق لەبەرچی لە رەفتارەکانی مالیکی بێدەنگن؟ ئایا کوردستان لەشکستی حکوومەتی عێراق لەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەرپرسە؟ من پێشنیار دەکەم

هەموو لایەنەکان بۆ دەستوور بگەڕێنەوەو دێباجەی دەستوور بخوێننەوە، کورد قبووڵی ئەوە ناکات بەرەو دواوە بگەڕێتەوە بەتایبەتی دوای ئەو هەموو خەبات وقوربانییەی لەپێناو عێراقی تازە داویەتی.".

٣ی ١٢ی ٢٠١٢



## بەشێک لە دیمانەی بەڕێز مسعود بارزانی لەگەڵ ڕۆژنامەی ئەلزەمان:

"لەساڵی ٢٠٠٨ەوە تێبینی گۆڕانکاری نەوعیم لە هەڵوێستەکانی نووری مالیکی کرد، کاتێك ویستی سوپا لەخانەقین بەکاربهێنێت، لەو کاتەوە هەستم بەوە کرد عەقڵییەتێکی زۆر ترسناك خەریکە بەسەر ئەم وڵاتەدا زاڵ دەبێت، بەپێی دەستوور ناکرێت سوپا تێکەڵی کاری سیاسی ناوخۆیی بکرێت، پێشبینیم نەدەکرد بەهۆی گرفتێکی بچووکەوە سوپا لەدژی پێشمەرگە بەکاربهێنرێت، لەو ڕۆژەوە پەیتا پەیتا ڕاستییەکان ئاشکرا بوون، نازانم ئەم کارە لە بەرژەوەندی

کێدایـه، بـەڵام ئـەم ئەگـەرە لەئارادایـه، چونکـه مالیکـی وەکـو کەسێك چ قازانجێکی بـه مانـەوەی بـارودۆخ بەمشێوەیە هەیـه؟

مەسـەلەکە لـه کۆمەڵێـك کەسدا کـورت بۆتـەوە کـه دەیانـەوێ عێـراق تووشـی کارەساتێکی گـەورە بکەن، ئێمە هەڕەشـه لـه یەکێتی عێراق ناکەیـن و هیـچ کاتێکیـش هەڕەشـه نەبووینـه، دیکتاتۆرییـەت هەڕەشـە لـەو یەکێتیـه دەکات، ئێمـه دوای ئەنفـال و کیمیابـاران و تێکـدان و وێرانکردنـی کوردسـتان لەلایـەن حکوومەتـه یـەك لـەدوای یەکەکانـی عێـراق مومکیـن نییـه قبوولـی ژیـان لەژێـر چەتـری دیکتاتۆرییەتـدا بکەیـن، تەنانـەت هـەر بیریشـی لێناکەینـەوە، هـەر کات بـارودۆخ بگاتـه ئـەو رادەیـه بەبـێ دوو دڵـی بڕیـاری خۆمـان دەدەیـن، ئێمـه نامانـەوێ بـارودۆخ بگاتـه ئـەو رادەیە، بـەڵام مردنمان زۆر لا باشـترە لـه گەڕانـەوە بـۆ حوکمـی دیکتاتـۆری".

# هۆشدارییەکانی
# ساڵـــی
# ٢٠١٣

## ١٢ی ١ی ٢٠١٣



## لە دیدارێکیدا لەگەڵ کونسوڵ و نوێنەرایەتییەکانی وڵاتان لە هەولێر:

"بە حوکمی ئەزموون دەبێ حوکمی عێراق بە هاوبەشی بێت، دەستوور ئەرك و مافی هەموو لایەکی دەستنیشانکردووە، بۆیە پابەندبوون بەو دەستوورە باشترین چارەسەرە بۆ هەموو گیروگرفتەکان، بەتایبەتی ماددەی ١٤٠، بەردەوام دەبم لەگەڵ هەموو لایەنەکانی عێراق بۆ دەرچوون هەم لە قەیرانی هەرێم و بەغدا هەم لە قەیرانی حوکمڕانی کە تێکڕای عێراقی گرتۆتەوە".

## ١٩ی ١ی ٢٠١٣




## بەشێک لە بەیاننامەی بەڕێز مسعود بارزانی:

"ماوەیەکی درێژە عێراق بەهۆی فەرامۆشکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ هاووڵاتیان و پەراوێزخستنی شەریکەکان و جێبەجێ نەکردنی

دەستوور و ڕێککەوتنەکانەوە بە تەنگژەیەکی گەورە تێدەپەڕێ و کاردانەوەیەکی هێناوەتە ئارا، کە گوزارشت لە بێزاری گەلی عێراق بە تەواوی پێکهاتە و زانایانی ئایینی و مەرجەعە بەڕێزەکان حزب و ڕێکخراوەکان دەکات لەکاتێکدا ئەرکی حکوومەتی فیدراڵە دەستپێشخەری ئاقڵانە بکات بۆ دۆزینەوەی چارەسەر، بەڵام بۆ ئاڵۆزبوونی تەنگژەکە و فەرامۆشکردن و هەڕەشە و پەراوێزخستن کاری کردووە، بەهۆیەوە مەترسیەکە زیادی کردووەو لەوانەیە ئەنجامی خراپی لێ بکەوێتەوە.

ئێمە دووپات لە پشتیوانی تەواوی خۆمان بۆ داواکارییە ڕەواکانی خۆپیشاندەران دەکەینەوە، کە لەگەڵ دەستوور دێنەوە، هاوکات دووپات لە پێویستی پاراستنی ئاشتیانەی خۆپیشاندانەکان و پەنا نەبردن بۆ توندوتیژی دەکەینەوە، لەگەڵ ئاگاداربوون و وریایی لە هەوڵی کەسانێکی لایەنە توندڕۆکان بۆ سواربوونی شەپۆل و گورزوەشاندن لە ڕەوای مافەکاندا.تێپەڕاندنی ئەو تەنگژە دژوارە، پێویست بە راستکردنەوەی ڕێرەوی پرۆسەی سیاسی و پابەندبوون بە دەستوور و ڕێککەوتنەکان و کۆکردنەوەو زەرورەتی پێڕەوکردن لە شێوازی دایەلۆگ دەکات لەپێناو بەدیهێنانی ژیانێکی ئازاد، کە شایەنی گەلی عێراقە".

١٦ی ٢ی ٢٠١٣



## له دیدارێکیدا لەگەڵ باڵیۆزو نوێنەرانی وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا له عێراق:

"ئەمڕۆ عێراق له تەنگژەیەکی قووڵدایه و پێویستی به چارەسەرکردنێکی ریشەییە، ئەو هەموو کێشانەی هاتونەته پێش بۆ پابەندنەبوون به دەستوور دەگەڕێتەوە، ئەگەر لایەنەکان پابەندی ئەو دەستوورە بووان ئەو هەموو گیروگرفتانه دروست نەدەبوون".

١٨ی ٢ی ٢٠١٣



## بەشێك له وتاری سەرۆك بارزانی له ڕێوڕەسمی ٦٠مین ساڵیادی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان:

"ئەمڕۆ عێراق به قەیرانێکی زۆر جیددیدا تێدەپەڕێت، ئێمه خەریکی راوێژین لەگەڵ هێزه کوردستانییەکان و هێزەکانی

دیکەی عێراق، بۆئەوەی دیراسەتی ئەو هەنگاوانە بکەین کە چۆن دەتوانین لەو قەیرانە دەربچین، ئێمە ئەزموونی ڕابردوو دووبارە ناکەینەوە بەڵکو سوودی لێوەردەگرین بۆئەوەی هەنگاوەکانی داهاتوو ببنە هۆی بنەبڕکردنی هەموو ئەو قەیرانانەی لەعێراقدا ڕوویانداوە. ئێمە وەکو کورد هیچ کاتێک بەشێك نەبووین لەگرفتەکان بەڵام بەسەر ئێمە فەرزکرا هەڵوێست وەربگرین، ئەرکی خۆمانە بەرگری لە مافی خۆمان بکەین، لە مافی هەموو عێراق بەڵام بەتایبەتی مافی هەرێمی کوردستان، گەلی کوردستان و بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان هەر لە یەکەمین رۆژی شۆڕشی ئەیلوولەوە زۆرچاك دەردەکەی دەستنیشانکرد کە دروشمەکەی (دیموکراتی بۆ عێراق پاشان ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان) بوو، واتا بەبێ بوونی حوکمی دیموکراتی هیچ گرفتێك لە عێراقدا چارەسەر نابێت، نە گرفتی هەرێمی کوردستان و نەگرفتەکانی دیکەی عێراق، بۆیە ئێمە داکۆکی لەسەر جێبەجێکردنی دەستوور دەکەین بەشێوەیەکی فیعلی، بەوەی سیستم و رژێمێکی دیموکراتی لەعێراق حاکم بێت و گرفتەکانی عێراق چارەسەر ببێت".

١٤ـی ٣ـی ٢٠١٣



## بەشێك لە وتاری سەرۆك بارزانی لە ڕێوڕەسمی ٢٥ ساڵەی یادی هەڵەبجە:

"بەداخەوە ئەمڕۆ عێراق بەقەیرانێکی جیددیی سەرتاسەری تێدەپەڕێت، هەر ئەوە نییە لەنێوان هەولێر وبەغدا بێت نەخێر، قەیرانەکە هەموو عێراقی گرتۆتەوە، کە عێراقی تازە دروستبوو کورد ڕۆڵی ئەرێنی لەدروستکردنەوەی هەبوو و خوێنی لەپێناوی دا، لەسەر ئەو بنەمایە بووە کە ئێمەی خەڵکی عێراق بەبێ جیاوازی هەموومان شەریکین لەم وڵاتە و پێکەوە عێراقێکی تازە دروستدەکەین، ئەمە بنەمای سەرەکی بوو، دەستوورێکمان دانا کە زۆربەی خەڵکی عێراق دەنگی بۆ دا، بە هەموو کەموکوڕییەکانییەوە دەستوورێکی نموونەیی بوو، کە ئەرك و مافی هەموو لایەکی دەستنیشان کردووە، ئەم قەیرانەی ئێستا عێراق پێیدا تێدەپەڕێت هۆی سەرەکی پابەندنەبوونە بەم دەستوورە، بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە تەنها ڕێگە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی هەولێری ساڵی ٢٠١٠ و ڕێککەوتنەکانی دیکەیە".

٢٨ـی ٣ـی ٢٠١٣



## لە دیدارێکیدا لەگەڵ (کلاودیا ڕۆت)، پەرلەمانتارو هاوسەرۆکی پارتی سەوزی ئەڵمانی:

"دۆخی سیاسیی عێراق مەترسیدارە و بەرەو هەڵدێر هەنگاوی ناوە، پابەندبوون بە دەستوور و ڕێککەوتنەکان نابینین، ئەمەش وایکردووە دۆخەکە بەرەو هەڵوەشانەوەی پرۆسەی سیاسی بڕوات".

١١ـی ٤ـی ٢٠١٣



## لە دیدارێکیدا لەگەڵ (لویس ئالایا) سەرۆکی سۆسیال ئەنتەرناسیۆناڵ:

"هەرێمی کوردستان خوازیارە سەرجەم کێشە و تەنگژەکان بە دیالۆگ و لێکتێگەیشتن چارەسەر بکرێن، ئەگەر چارەسەر نەکران، هەرگیز ئامادەی چوونە ژێرباری چەوسانەوە و ژێردەستەیی نین".

١٤ی ٤ی ٢٠١٣



## له دیدارێکیدا لەگەڵ (هۆن گیانی ڤێرنێتی) پەرلەمانتار و جێگری پێشووی وەزیری دەرەوەی ئیتاڵیا:

"هەرێمی کوردستان بە هیچ شێوەیەك رازی نابێت پرۆسەی سیاسی عێراق بە لارێدا ببرێت و، پرەنسیپی تەوافوق و شەراکەتی راستەقینە پێشێل بکرێت، هەرێمی کوردستان لە ناکۆکی و ململانێی تایفییدا لایەن نییە، بەڵام لایەنێکی ململانێی سیاسی وڵاتە، بۆیە ئەگەر پرەنسیپی تەوافوق و شەراکەی راستەقینە نەچەسپا، هەرێمی کوردستان بیر لە بژاردەی دیکە دەکاتەوە".

٢٨ی ٤ی ٢٠١٣



## له دیدارێکیدا لەگەڵ (فرانکۆ فراتینی) وەزیری پێشووی دەرەوەی ئیتاڵیا:

"رەوشی عێراق بە گشتی لە بارێکی مەترسیداردایە، حکوومەتی فیدراڵ لە دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان

و ئاسایش و دروستکردنی پەیوەندی هاوسەنگ لەگەڵ دراوسێکاندا سەرکەوتوو نەبووە، سوپای عێراقیش تا ئێستا نەبۆتە سوپایەکی نیشتمانی، ناهاوسەنگی هەیە لە ڕێژەی بەشداریی پێکهاتەکانی عێراق لە ریزەکانیدا، لە سایەی ئەو سیاسەتەی حکومڕانیی عێراق دەکات هیچ ئاسۆیەکی ڕووناک نابینرێ و ئەگەر ڕەوشەکە بەمشێوەیە بەردەوام بێت ئەوا عێراق بەرەو هەڵدێر دەڕوات".

٤ی ٥ی ٢٠١٣



## لە دیدارێکیدا لەگەڵ (ڕۆبێرت ستیفن بیکرۆفت) باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق:

"باشبوونی ڕەوشی ئێستای عێراق بەندە بە جێبەجێبوونی هەر سێ پرەنسیپی (هاوبەشی، هاوسەنگی و سازان)، ئەگەر بڕوابوون بەو سێ پرەنسیپە هەبێت و کاری پێ بکرێ ئومێدی باشبوونی بارودۆخیش لە عێراقدا دەبێت".

٢٢ی ٥ی ٢٠١٣



## له دیدارێکیدا لەگەڵ (ئوسامە نوجەیفی) سەرۆکی پەرلەمانی عێراق:

"من بەر لە ساڵێك باسی ئەو بارودۆخە خراپەم کرد کە وڵات پێیدا تێپەڕ دەبێت، پێشبینی ئەوەیشم کرد کە ئاراستەی کێشەکان بەرەو کەشێکی پڕمەترسی و تاکڕۆیی و نکۆڵی دەڕوات، سەرچاوەی هەموو گرفتەکان پێشێلکردنی دەستوور و پشتگوێخستنی پرەنسیپی شەراکەت بووە".

٢٨ی ٨ی ٢٠١٣



## له دیدارێکیدا لەگەڵ (خوزەیر خوزعی) جێگری سەرکۆماری عێراق:

"عێراق ڕووبەڕووی قەیرانی گەورە بۆتەوەو بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە پێویستی بە هەموو جۆرە هەوڵێکە، ئەزموونی ڕابردووی عێراق سەلماندوویەتی حوکمی عێراق بە پەراوێزخستن و دوورخستنەوەی پێکهاتە و لایەنەکان سەرکەوتوو نابێت، بەڵکو تەنیا بە تێگەیشتن و بەشداری سەرجەم لایەنەکان دێتەدی.پەیوەندی نێوان کورد و شیعە گرنگ و ستراتیژییە و سەرچاوەی سەقامگیرییە بۆ هەموو عێراق و، کورد لەگەڵ هەموو هەنگاوێکدایە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی عێراق".

# هۆشدارییەکانی
# ساڵی
# ٢٠١٤

٩ـی ٣ـی ٢٠١٤



## بەشێک لە وتەی بەڕێز مسعود بارزانی لە کاتی هێنانەوەی روفاتی ٩٣ قوربانی بارزانی لە باشووری عێراق:

"چەند ساڵ بەر لە ئێستا ئەوەم خستەڕوو کە عێراق لە مەترسیدایە و دیموکراسی و فیدراڵی و پێکەوەژیان لە پاشەکشەدان و کەوتوونەتە بەر مەترسییەکی گەورە، لەبەرئەوەی دەستوور پێشێل دەکرێت و هیچ بەهایەك بۆ واتای هاوبەشی و پێکەوەژیان نەماوە، گرفتی گەورە عەقڵیەتەکەیە، کە عەقڵیەتێکی خۆسەپاندن و کورد بە کەم دیتنە، کە بە هاوڵاتی پلە دوو سەیر بکرێت، ئەمە گرفتە گەورەیەکەیە".

٥ـی ٤ـی ٢٠١٤

الحياة
AL HAYAT



## بەشێک لە دیمانەی بەڕێز مسعود بارزانی لەگەڵ رۆژنامەی ئەلحەیات:

"دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن هەوڵماندا ئەزموونی کوردستان بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراق ببەین، داوامان کرد کولتووری

لێبووردەیی پیادە بکرێت و پەند لە رابردوو وەربگرین، بەڵام ئەوە رووی نەدا، بەداخەوە زۆرێك پەنایان بۆ تۆڵەسەندنەوەو تۆڵەسەندنەوەی بەرامبەر برد، ئێستا هەست بە مەترسییەکی گەورە لەسەر ئاییندەی عێراق دەکرێت.

بە تەئکید عێراق بەرەو ترازانە، هیوادار بووین دیمەنەکە پێچەوانە بوایە، بەڵام پێویستە لەگەڵ واقیع و راستییەکان رەفتار بکەین، ناسەقامگیرییەکی زۆر هاتۆتە ئاراوە، تیرۆر لە ناوچەکانی رۆژئاوا بڵاو بۆتەوە، هەندێ شار لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتن، تیرۆریستان بە ئاشکرا چالاکی تیا دەنوێنن. پرۆسەی سیاسی لە عێراقی دوای سەدام لەسەر لێواری شکستهێنانە. هەڵسوکەوتی تاکە کەسی و نەبوونی بڕوا بە دیموکراتییەت و قبوڵ نەکردنی لایەنیتر، تا ئێستا کولتووری حوکمی شمولی پیادە دەکرێت، رەتکردنەوەی بەرامبەر دەبێتە هۆکاری پشێوی و هەڕەشە و پێکدادان، ئەم کولتوورە هۆکاری جێبەجێ نەکردنی دەستوورو لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی عێراقە، هەر بە هۆکاری ئەمە بوو رێکەوتننەکان جێبەجێ نەکران و دووری کەوتە نێوان پێکهاتەکانی.

لە راستیدا بودجە و کێشەکانی دیکە ئەگەر ئیرادەی سیاسی هەبێت دەکرێت چارەسەر بکرێت، بەڵام ترسناکترین شت ئەوەیە هەندێ خەون بە شکاندنی شکۆی کوردستان و دەستەمۆکردنی بۆ ژێر فەرمانڕەوایی تاکە کەسێك لە بەغدا دەبینن، ئەمە مەحاڵە رووبدات و چۆك دانادەین و رێگا بەکەس نادەین شکۆی هەرێمی کوردستان بشکێنێت یان لە کەرامەتی دانیشتوانی کەم بکاتەوە، ئەمە کرۆکی کێشەکەیە. بەکورتی، نابینە پاشکۆ، هاوبەشی بەسەرچاو، هاوپەیمانی بەسەر چاو، بەڵام نە پێشترو نە ئێستاش نابین بە پاشکۆی هیچ کەسێك، وەك هاوبەش دەمێنینەوە، بەڵام نەك وەك پاشکۆ".

١٨ـی ٦ـی ٢٠١٤



# پەیامی سەرۆك بارزانی لەبارەی بارودۆخی سیاسیی عێراق:

"لەم ماوەیەدا لە پەیوەندییەکی بەردەوامدا بووین لەگەڵ زۆربەی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەبارەی ئەم رووداوانەی لەم دواییەدا بەسەر عێراقدا هات، زۆر کەس و لایەن شاهیدن کە لەمێژە هۆشداریم دەدا کە بارودۆخی عێراق بەرەو هەڵدێر دەچێت بەهۆی سیاسەتی چەوت و تاکڕۆیی ئەوانەی دەسەڵاتیان لە بەغدا قۆرخ کردووە.

ئێستاش هەر ئەوانە بەرپرسی راستەوخۆن لە پێشهاتنی ئەم دۆخە نالەبارە.زۆر هەوڵماندا چارەسەری بنەڕەتی بۆ کێشەکان بدۆزینەوەو زۆر پێشنیارمان پێشکەش کردن، بەڵام وەڵام و رەفتاری کاربەدەستان لەدژیانیش پشتگوێخستن بوو. هەر لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ ئێمە وەك کوردستانی دژی شەڕی تایيفی و مەزهەبی وەستاین، نەبووینە هۆکاری نەرێنی لەم ململانێیەدا، بەڵکو رۆڵی خێرمان بینی تا ئەو رادەیەی پێمان کرا. ئێمە لەگەڵ شیعە وەستاین کاتێك لێیان قەوما و ستەمیان لێکرا، دوای

٢٠٠٣ دژی پەراوێزخستنی سوونەیش وەستاین، رەوشتی کورد بە درێژایی مێژوو ئەوە بووە کە پشتی ستەملێکراوی گرتووە. هەوڵەکانی ئێستا لە لایەن ئەوانەی باجی هەڵەکانی خۆیان دەدەن و شکستیان خواردووەو دەیانەوێ بیکەنە خەتای کورد، تۆمەتێکی گەورەیە، خەریکن کەلێنێکی وا لەنێوان کورد و شیعە دروست بکەن کە بێگومان بە زیانی گەورەی هەردوولا تەواو دەبێت و دادی ئەو شکستخواردووانەش نادات، ئێمە هاوپەیمانێتی کورد لەگەڵ شیعە بەرزتر دەزانین لە رەفتاری چەند کەسانێك کە کاربەدەستن و بەر لەوەی زیان لە کورد بدەن زیان بە شیعە دەگەیێنن، هەرگیز هەڵوێستی ئیمام موحسین ئەلحەکیم و شەهید سەدر لەبیر ناکەین، ئێمە برایانی شیعە دڵنیا دەکەینەوە کە ئەوانەی بوونەتە هۆی دروستبوونی ئەم رەوشە دەیانەوێت شکستی خۆیان بە تۆمەتبەخشین داپۆشن و چەند ساڵە راستی لە میللەت دەشارنەوە.

ئێستاش رەوشێکی تازە هاتۆتە ئاراوە کە پێویستە چارەسەری بنەڕەتی بۆ کێشەکان بدۆزرێتەوە، ئەویش لەژێر رۆشنایی ئەم گۆڕانکاریانەی روویان داوەو دەبێت شێوەی حوکمڕانی و رەوشی سیاسی پێش ئێستا بگۆڕدرێت.ئێمە پێکەوە لەگەڵ برایانی شیعە و سوونە ئامادەین بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان، بەڵام هەرگیز ناکەوینە شەڕێك کە لەژێر پەردەی شەڕی تیرۆر شەڕی تایفەیەك بکرێت و، تەنیا بەشەڕ ئەم گرفتە چارەسەر ناکرێت، دەبێ هۆکارەکان چارەسەر بکرێن و پرۆسەی سیاسی رێگەی راستی خۆی بگرێت، ئەوسا تێکشکاندنی تیرۆریستان

زۆر ئاسـانتر دەبێـت. ئێمـە هـۆکاری خێـر دەبیـن و پشـتگیری هـەر هەنگاوێکـی خێـر دەکەیـن، بـەڵام دەبـێ هەمـوو لایـەك بزانـن کـە ئەمـڕۆ وەزعێکـی تـازە هاتۆتـە ئـاراو دەبێـت بـە واقعبینـی مامەڵـەی لەگەڵـدا بکرێـت".

٥ـی ٧ـی ٢٠١٤



## بەشێک لە وتاری سەرۆک بارزانی لە پەرلەمانی کوردستان:

"دە سـاڵ کوردسـتان هەوڵیـدا پرۆسـەی سیاسـی و دیموکراسـی و پێکەوەژیـان لـە عێراقـدا سـەربکەوێت، بـەڵام پێشـێلکردنی دەسـتوور و هزری تاکڕۆیی و خۆسـەپاندن و پەراوێزخسـتن نەیهێشـت ئەم هەوڵانە سـەربگرن و عێـراق گەیشـتە ئـەم ڕۆژەی ئێسـتا، کوردسـتان بەهیـچ شـێوەیەك هـۆکاری ئـەم دۆخـەی ئێسـتای عێـراق نییـە و، ئەوانـەی کە دەسـتیان هەبـووە دەبـێ بەرپرسـیارێتی هەڵبگـرن".

**٨ ـی ٧ ـی ٢٠١٤**




## نامەی کراوەی سەرۆک بارزانی بۆ گەلی عێراق و هێزە نیشتمانییەکان:

"تادێت بە ئامانجێکی گوماناوی، هێرشی ستەمکارانە دژ بەگەلی کوردستان و سەرکردایەتییەکەی فراوان دەبێتەوە، ئەمەش وەکو هەوڵێك بەمەرامی بەرپرسیارەتی شکستهێنانی هێزە چەکدارەکانی عێراق و دەزگا ئەمنییەکانی بخەنە ئەستۆی کورد، ئەو شکستەی لە ئەنجامدا بووە هۆی دەستبەسەراگرتنی بەشێك لەو شار و شارۆچکانەی بەلای هەموو عێراقییەکانەوە خۆشەویستن، لەلایەن "داعش"ی تیرۆریست و گرووپە چەکدارە گومانبارەکانی دیکەوە.شاڵاوی بەئامانجگرتنی گەلی کوردستان، هەر بەوەندەوە نەوەستاوە، بەڵکو کراوەتە بۆنەیەك دیکە بۆ ناشیرینکردنی سەرجەم هەڵوێستەکانی گەلەکەمان و نکۆڵیکردن لە هەوڵ و کۆششەکانی بە درێژایی قۆناخەکانی مێژوو و لەکاتێکدا ئێستاش لە هەوڵ و قوربانیدان بۆ پتەوکردنی برایەتیی عەرەب و کوردو بەدیهێنانی دیموکراسی بۆ سەرجەم ناوچەکانی عێراق و پارێزگاریکردن لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی عێراقی بەردەوامە و دارشتنی دروشم و سیاسەت و

هەڵوێستەکانیشی، کە بنچینەی بەهێزی ئەمیەکگرتنە نیشتمانییە پێکدەهێنین، لەسەر بنچینەی هاوبەشی راستەقینە لە عێراقدا بەپێی بەهاو پرانسیپەکانی سیستمی دیموکراسی.

ئەمڕۆش لە پێشینەیەکی زۆر مەترسیداردا هێرشی رقلێبوونەوەی نەتەوەیی "شۆڤێنی" بەپشتبەستن بەناشیرینکردنی رووداوەکان بەهێز دەبێت، ئەوەش لەڕێگەی شێواندنی راستییەکان و هەڵچنینی دیوارێك لە نێوان هەردوو نەتەوەی براو پێکهاتەکانی دیکەی عێراقدا، بێگومان ئەمەش بۆ خزمەتکردنی مەبەستە سیاسییەکان و بەرژەوەندییە تەسکەکانە و ئەو کەسەی کە عێراق لە شکستێکەوە بۆ شکستێکی دیکە و لە قەیرانێکەوە بۆیەکێکی دیکەی توندتر دەبات، تا سەرنجام گەیشتە ئەم هەڵدێر و شکستهێنانە.

ئاوازی نەشازی "جیابوونەوەو دابەشکردنی عێراق" کە بەردەوام لەلایەن رژێمە دیکتاتۆرییەیەك لە دواییەکەکانی عێراقەوە بەکارهێنراوە، ئاوازێکی تایبەتی سەرجەم دیکتاتۆرەکان و فەرمانڕەوایانی گەندەڵی دوور لە گەلەکەیان و لە مێژوو و پەندەکانێتی. ئێستا بازاڕێکی گەرمی زۆر بۆ ئەم ئاوازە نەشازە لە نێوەندە عەرەبییەکانی ناوەوەی عێراق و دەرەوەیدا دەکرێت، ئەمەش بۆ وروژاندنی هەستەکان و راکێشانیان بۆ گومڕایی سیاسی و بەشداریکردن لە خراپکردنی ژینگەی نیشتمانیی هاوبەش و درزخستنە نێو ئەو نەگۆڕانەی کە پێویستە پارێزگارییان لێ بکرێت تا پەیوەندییە نیشتمانی و مێژووییەکانی نێوان عێراقییەکان بمێننەوەو ئەویەکگرتوویی وڵاتەش کە باسی دەکەن پارێزراو بێت.بەداخەوە ئەم شاڵاوە کە ماشێن و دەزگاو پارەی دەوڵەت و دارودەستەی فەرمانڕەوای شکستخواردووی بۆ تەرخان

کراوە، دەیەوێت شکستخواردنەکەی و ئەنجامەکانی بخاتە ئەستۆی کورد و هەرێمی کوردستان و لە نیازەکانی دروستکردنی دەوڵەتی کوردیدا کورتی بکاتەوە. سەرەڕای ئەمە، تێکشکانی سوپا لە نەینەواو سەلاحەددین و دیالە و شارۆچکەکانی دیکە بە"پیلانێك" دادەنێت کە کورد بەشداری تێدا کردووە، ئەمەش بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان لە دەستگرتن بەسەر ئەو ناوچانەی کە لە لایەن رژێمی دیکتاتۆری پێشووی عێراقەوە، لە چوارچێوەی سیاسەتی تەعریب و تەبعیسدا، لە هەرێمی کوردستان دابڕێنرابوون، لەکاتێکدا دەستووری عێراق بڕیاری لەسەر گەڕاندنەوەیان داوە، بەپشتبەستن بەپرۆسەیەکی دەستووری و لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە بریتیبوو لە ساڵی ٢٠٠٧، ئەمەشیەکێك لە داواکارییەکانمان بوو بە درێژایی ساڵانی رابردوو، بەڵام هیچئەنجامێکی نەبوو.

لێرەدا خۆمان لە گێڕانەوەی وردەکاری رووداوەکانی ١٠ـی مانگی رابردوو و، کۆنترۆڵکردنی سێ لەسەریەکی خاکی عێراق لەلایەن داعش و هاوپەیمانەکانی و، هەوڵەکانی ئێمە بۆ رێگرتن لەو کارە دەبوێرین، چونکە لای هەمووان ئاشکراو زانراوە، بەڵام لە ئاست ئەو شاڵاوی ناوزڕاندنەدا دەوەستین سەبارەت بەنیازی "دابەشکردنی عێراق" و ئەوەی ئێمەش بۆ گەلەکەمانی داوا دەکەین لە چوارچێوەی مافی چارەنووسدا:

**یەکەم:** بەردەوام و بێ دوودڵی، لە ماوەی قۆناخە جیاوازەکانی خەباتی هاوبەش لەگەڵ سەجەم هێزە نیشتمانییەکانی عێراقدا دژ بە رژێمە دیکتاتۆرەیەك لە دواییەکان، جەختمان لەسەر مافی

بڕیاردانی چارەنووس کردۆتەوەو ئەم چەمکە هەمیشە بوونی هەبووە لە بەرنامە هاوبەشەکانمان لەگەڵ هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان و لە پێشی هەموویانەوە بزووتنەوەو حزبە شیعەکان، هەروەها ئەم مافە بەڕوونی گوزارشتی لێ کراوە لە پاش رووخانی رژێمی دیکتاتۆری پێشوو، لە دیباجەی دەستووریشدا لە میانی "عێراقێکی دیموکراسی فیدرالی و شەریکایەتییەکی نیشتمانیی راستەقینە"دا.

**دووەم:** بە خەبات و قوربانیدانمان توانیومانە مافەکانمان بە"نیوەناچڵیش بێت" بەدەست بێنین لە کاتی حوکمی سەدام حوسێندا، ئەویش لە هەرێمی کوردستان بەرجەستە ببوو کە نیوچە سەربەخۆییەکی هەبوو، ئەم هەرێمە پەنای سەرجەم بزووتنەوەو پارتە بەرهەڵستکارەکانی رژێمی دیکتاتۆری بووەو چەند لە توانایدا بوو هاوکاری ئەو هێزانەی دەکرد.

**سێیەم:** لە پاش رووخانی دیکتاتۆرییەت لە ساڵی ٢٠٠٣دا، دەستپێشخەریمان کرد بۆ بەشداریکردنێکی کارا لە دروستکردنی عێراقی نوێداو وازهێنان لەو نیوچە سەربەخۆییەی هەمانبوو، بەگوێرەی تواناکانمان چووینە نێو پرۆسەی سیاسی و بەشداریمان کرد لە داڕشتنی پەیکەر و چەمکەکانیدا. بە چارەسەرە مامناوەندییەکان رازی بووین، ئەمەش لەڕوانگەی متمانەبوونمانەوە بە شەریکەکانمان کە هاوبەش بووین لەو بەڵایانەیرژێمی پێشوو بەسەریدا هێنابن، بۆیە دەستوورمان بە رێگەیەك دانا بۆ چارەکردن و دەست ئەو شتانەی مافەکانی خۆمان و کێی دیکە، چالاکانە بەشدار بووین لە سەرجەم

هەڵبژاردنەکان و لەڕیفراندۆم لەسەر دەستوور و هیچ هەنگاوێکی دژ بە دەستوورمان نەناوە، هەرچەندە دەمانتوانی لەو مەسەلانەدا کە بەحەقی خۆمان و دەستووریمان دەزانی، سیاسەتی دیفاکتۆ بسەپێنین، لە قۆناغێکدا هەندێك کەس توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوەیان نەبوو، بەڵام ئارامـمان گرت و پشتمان بە دەستوور بەست وەکو ناوبژیکارێك.ئەمانەش هەموویان باشترین بەڵگەن لەسەر نیازی سیاسی و نیشتمانیمان و سووربوونمان لەسەر پێشخستنی پرۆسەی سیاسی و دامەزراندنی سیستمی دیموکراسی فیدرالی و دووبارە بنیاتنانەوەی دەوڵەتی هاووڵاتیی ئازادو یەکسان و دامەزراوەیی، لەوباوەڕشدا بووین، سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی و جێبەجێکردنی دەستوور وەك خۆی و بەهەموو کەموکورتییەکانییەوە، قوناخێکی پەسند لە تێگەیشتنمان بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووس بەرجەستە دەکات.

**چوارەم:** بەڵام بەهۆی ئەوەی ڕووبەڕووی منجڕی و نکۆڵی و لووتبەرزی بووینەوە لەو کاتەوەی کە بەڕێز (نوری مالکی) دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتووەو لە پاش سەپاندنی دەسەڵاتە تاکڕۆییەکەی لە ویلایەنی دووەمیدا، لادانی لە دەستوور و شەریکایەتی و سازانی نیشتمانی، هەروەها مەیلی قۆرخکردنی دەوڵەت و دەستبەسەراگرتنی تواناکانی دەوڵەت و نانەوەی قەیرانی بەردەوام و پێشێلکردنی ئاشکرای دەستوور، ئەم کارانە ئێمەی بەو ئاراستەیەدا برد کە پێویست دەکات ئیعتیبار بۆ ئەو مافە دەستووری و سازانانەمان بگێڕینەوە کە پێشتر لەسەریان

ڕێککەوتبووین.هەر لە سەرەتاوەو هەمیشە دووپاتمان کردەوە کە ئێمە پابەندین بە ژیانی هاوبەش لە عێراقی نوێدا، تا ئەو کاتەی هەمووان سووربن لەسەر ئەوەی عێراق، عێراقیکی دیموکراسی و فیدرالی و ئەمدەست ئەودەستکردنی دەسەڵات بێت، پابەندبوون بەدەستوورەوە هەبێت و ڕێز لە پرانسیپەکانیبگیرێت، هەروەها پارێزگاری لە پێکهاتەکان بکرێت و مافەکانیان دابین بێت و دادپەروەری لە نێوانیاندا بەدی بهێنرێت، دەسەڵاتی عێراق دوور بکەوێتەوە لە هەر هەڵسوکەوتێك کە ببێتە هۆی تاکڕۆیی لە دەسەڵات و لادانی لە ڕێڕەوی دیموکراسی و گەڕاندنەوەی وڵات بۆ دیکتاتۆرییەت.بەئاشکرا دەمانگوت و بەئاشکراش جەختمان دەکردەوە کە ئێمە بەهیچ کلۆجێك ئامادە نین ئیرادەمان لاواز بکرێت و بمانگێڕنەوە بۆ چوارگۆشەییەکەم و، لەگەڵ ئەو هەڵسوکەوتانەدا ڕووبەڕوومان بکەنەوە کە ئەو سیاسەتانەمان بیر دێنێتەوە، کە لە رابردوودا کوردستانی نوقمی دەریایەك لە خوێنی هاوولاتیانی کردو نیشتمانەکەیان کرا بەوێرانە و گۆڕی بەکۆمەڵ.ئەمانەش ئەو هەڵسوکەوتانە بوون کە بەڕوونی ڕووبەڕوومان بوونەوە بە درێژایی قۆناخی زەوتکردنی دەسەڵات لە هەردوو ویلایەتی شوومی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیراندا. باشترین بەڵگەش لەسەر ئەمە ناردنی تانکەکان بوو بۆ نزیك سنوورەکانی هەرێم، بەفەرماندەیی ئەو کەسانەی دەستیان بە خوێنی کورد سوور بوو، ئەوانەی لەم ڕۆژانەدا بڕیاری دوورخستنەوەیان لە کارەکانیان درا، دوای ئەوەی بوونە هۆکاری لەدەستدانی موسڵ و ناوچەکانی دیکە.

پێنجەم: بەداخەوە هەندێك لە بەشداربووانی ئەو شاڵاوە دوژمنکارییە بۆ سەر گەلەکەمان چ لەڕێگەی پشتگیریکردن لە سیاسەتی گرووپی دەسەڵاتدار، یان لە بێدەنگبوون بە هۆکاری ترسی پەراوێزکەوتن، یان گرنگینەدان بە هەستی دەنگدەرانیان، چاویان تەنیا ئەو ڕێگەیە دەبینێت کە وەکو ئالتەرناتیڤی ئەم وێرانبوونەی وڵات گرتوومانەتەبەر و، پەنابردنمان بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووس، هەروەها بیرچوونەوەی ئەو پەیمانانەی کە لە کاتی ئۆپۆزیسیۆنداو پاش ساڵی ٢٠٠٣ لەسەریان ڕێککەوتبووین.دیسان جێی داخە، هەندێ کەس بەشداری دەکەن لە ناشیرینکردنی داواکارییە دڵسۆزانەکانمان بۆ دەرچوون لەم قەیران و سەرلێشێواویەی لەئەنجامی سیاسەتی تاکڕۆیانە و پەراوێزخستنەوە وڵات ڕووبەڕووی بۆتەوەو لە هەموو تێگەیشتنێکی دیکەی دادەماڵن و، تەنیا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئێمە جیابوونەوەمان دەوێت وەکو تاکە چەمك و تێگەیەك بۆ پرانسیپی مافی بڕیاردانی چارەنووس!

ئەو کەس و ناوەندانەی لەم شاڵاوەدا بەشدارن، جەختکردنەوەی بەردەوامی ئێمەیان لەسەر گرنگیی پابەندبوون بەنەگۆڕە نیشتمانییەکان، کە دەبنە هۆی کۆکردنەوەمان و ئەو پێشێلکاریانەی دەبنە هۆی لەیەکجیاکردنەوەمان، لە بیر خۆیان بردۆتەوە:

- ئێمە، دەستوور و بنیاتنانی دەوڵەتی دامەزراوەیی و ئازادییەکان لە چوارچێوەی سیستمی دیموکراسی و بەشداریکردنی ڕاستەقینە لە حوکمڕانی وڵاتدا کۆمان دەکاتەوە.

• ئەوەیش بیری هەمووان دێنینەوە، خوا بکات بیرهێنانەوە سوودی هەبێت، لە دیباجەی دەستووردا هاتووە: "پابەندبوون بەم دەستوورەوە پارێزگاری لەیەکێتی ئازادانەی گەل و خاك و سەروەری عێراق دەکات". ئەوەش بە هەموو وردەکارییەکانییەوە پێشێل کرا! پێویستە ئەو کەسەی ئەمپێشێلکارییانەی ئەنجام داوە، لۆمەی خۆی بکات.

• لەبەرامبەردا، ئەوەی لەیەکدیمان جیا دەکاتەوە، پێشێلکردنی دەستوور و ناشیرینکردنی ڕێڕەوی دیموکراسی و پێشێلکردنی مافەکانی هەموو پێکهاتەکان و پشتگوێخستنیانە، دامەزراندنی دەسەڵاتیکی تاکڕەویی خۆسەپێن کە دەبێتە هۆی هێنانەکایەی جۆرێکی نوێ لە دکتاتۆرییەت.

• ئەوەی ڕوویداو تا ئێستاش بەردەوامە، بریتییە لە بژاردەی دووەم کە ڕێچکەی (مالیکی) بەرجەستەی دەکات و، سووربوونی لەسەر پووچەڵکردنەوەی دەستوورو پەراوێزخستنیبەرامبەرو دوورخستنەوەیان، ستەمکاری و ڕەتکردنەوەی وازهێنان لە دەسەڵات لە ژێر هەربارودۆخێکدا. هەروەها بە شێوەیەکی ئاشکرا نکۆڵی لە مافە دەستوورییەکانمان دەکرێت لە گەڕاندنەوەی ناوچە کوردستانییەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بگرە لە هەموو ئەمانەش تێپەڕ دەکات و ئاماژەی بەکارهێنانی هێز دەکات دژی هەرێمی کوردستان بەبیانووی هەڵبەستراو و خوڵقاندنی قەیرانگەلی نوێ لە هەر کاتێکدا کە تووشی شکستهێنان و پاشەکشە دەبێت لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا.

**شەشەم:** بۆ زانیاری ئەو کەسانەی کە ئاگادار نین، سەرەتاکانی گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییە کە بوونە هۆی لەدەستدانی نەینەواو سەلاحەددین و دیالە و هەندێك لە دەوروبەری پارێزگای کەرکووك، شاراوە نەبوون لای دەسەڵاتدارانی عێراق، چونکە هەر زوو ئاگادارمان کردنەوە لەو ئامادەکارییانەی لە موسڵ دەکرێن و زەرورەتی خوێندنەوەی ئەنجامە مەترسیدارەکانی ئەم ڕووداوانە، کە دەبنە هۆکارێکی زیاتر بۆ نانەوەی دووبەرەکی، لە بەرامبەردا وەڵامەکان ڕەنگدانەوەیەك بوون بۆ هەڵسوکەوتی ئەو کەسەی فەرمانڕەوایی وڵات دەکات، ئاگادارکردنەوەکانمان زۆر بەساردی وەرگیران و ڕەنگە گومانیشیان لە نیازەکانمان هەبووبێت، دروست پێچەوانەی ئەو وەڵامدانەوانەی کە لەو بارودۆخە مەترسیدارانەدا پێویستە.

ئێمە جەختمان کردەوە کە گردبوونەوەو هاتنەناوەوە لە سنوورەکانی ناوچەکەوە هەیە، دیاردەکانی هاندان و هەڕەشەکردن لە ناوەوەی موسڵ و قۆستنەوەی ناڕازیبوونی هاووڵاتیانی ئەو پارێزگایە لە بارودۆخەکە بەهۆی سیاسەتی جیاکاریی و پەراوێزخستنی تایەفییەوە بەردەوام گەشە دەسێنێت. ئەمەش بۆ هەموو لایەك ئاشکرایە مەگەر بۆ ئەو کەسانە نەبێت پەردە بەسەر چاویانەوە بێت، یان گرێیەکی دەروونیان هەبێت کە پاڵیان پێوە دەنێت بۆ گومڕابوون و ڕۆیشتنیش بە پێچەوانەی ئاراستەی عەقڵ و داناییەوە.

وەکو چۆن پێشتر لەڕوانگەی هەستکردنمانەوە بە بەرپرسیارەتی هەڵسوکەوتمان کردووە بەرامبەر ئەو مەترسیانەی ڕووبەڕووی هەموومان دەبنەوە، بۆیە تێکڕای سەرکردەی حزب و قەوارە سیاسییەکانمان لەو بارودۆخە ئاگادار کردەوە، هەروەها هەمان

دەستپێشخەریمان دووبارە کردەوە لەپاش کەوتنی موسڵ و شار و شارۆچکەکانی دیکە، جەختیشمان کردەوە دەبێت زۆر وریا بین و لە ئاست رووداوەکاندا بین، بەپلەییەکەم لەڕوویسیاسییەوە، ئەوجارێوشوێنە پراکتیکییەکان لەڕووی عەسکەری و ئەمنییەوە، لەپێناو رووبەڕوبوونەوەی هەر پێشهاتێکدا، بەڵام نیازە پاکەکانمان رووبەڕووی گومانکردن و لووتبەرزییەکی بێتام دەبوونەوە لە لایەن ئەو کەسانەوە کە کاربەدەستن.

ئاماژە حکوومییەکان هەر مانەوە لەسەر جەختکردن لە پشتگوێخستنی بەئەنقەستی مەترسییەکان و ئەو رێگەچارە سیاسییە بنەڕەتییانەی پێویستن، هەڵسوکەوتەکان بەتەواوی پێچەوانەی دۆخەکە بوون. بۆیە لەجیاتی پێداچوونەوەیەکی عەقڵانی بەهەڵوێست و سیاسەتەکاندا و چارەسەرکردنی کێشەی سیاسی و ئەمنی و سەربازی لە موسڵ و ئەو پارێزگایانەی کە زۆربەی دانیشتووانەکانیان لە پێکهاتەی سوننەن، هەڵوێستی نەرێنییان پەرەی سەند دژ بە هەرێمی کوردستان و گەیشتە خۆگیڤگردنەوەی دوژمنکارانە و نکۆڵیکردن لە پێگە و رۆڵی لە پرۆسەی سیاسی و بێویژدانی بەرانبەر مافەکانی هاووڵاتیانی کوردستان کرا، تەنانەت کار گەیشتە دژایەتیکردنی سەرچاوەی بژێوی هاووڵاتیانی کوردستان و بڕینی مووچەی هەرێم، هاوزەمان لەگەڵ خەرجکردنیدا بۆ سەرجەم پارێزگاکانی دیکە، ئەو کارەی پێشتر هیچ رژێمێکی دیکتاتۆری دژ بە گەلی عێراق و مافە نەتەوەییەکانی کورد نەیکردووە.

هەموو ئەم دنەدانە بەدژی ئێمە، هاوکاتە لەگەڵ خۆگێلکردن بەرانبەر جموجووڵە گوماناوییەکانی رێکخستنە تیرۆریستییەکان و

هاتنەناوەوەیان لە ڕێگەی سنوورەکانەوەو، کۆکردنەوەی هێزەکانیان و بەئاگاهێنانەوەی شانە نووستووەکانیان لە مووسڵ و پارێزگا داگیرکراوەکان لە لایەن داعش و پاشماوەکانی ڕژێمی پێشوو و گرووپە چەکدارەکانی دیکەوە، کە بە ڕۆژی ڕووناك و لەبەرامبەر چاوی فەرماندە سەربازی و ئەمنییە فیدرالییەکاندا. ئیدی دیمەنەکان ئەو ڕێچکە خواروخێچەریسوا دەکەن کە هەوڵی بەگژداکردنی خەڵك دەدات دژ بەهەرێم و وا پێشانی دەدات وەك بلێی دوژمنی پرۆسەی سیاسی و دەستوورە، تۆمەتبارانکردنی هەرێم بەناهەق، تا گەیشتە ئەوەی شکستە ئەمنی و سەربازییەکانی خۆیان بخەنە ئەستۆی هەرێم، لە هەموو ناوەندەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیاندا، بەردەوام هەوڵ دەدەن گەلی کورد وەك دوژمنێکی شیعە و ڕۆڵ و پێگەیان لە دەسەڵاتیسیاسی لە عێراقدا پیشان بدەن.

ئێمە بەردەوام دووپاتمان کردۆتەوەو ڕۆژگاریش ڕاستی کردەوەو نیازەکانی دەرخستووین، کە هەرگیز ڕۆژێك لە ڕۆژان بەشێکی نەرێنی نەبووین لەو ململانێیەی لەپاش ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەرپابوو و، سازشمان نەکردووەو لە دژی هیچ پێکهاتەیەکی نیشتمانیی عێراق نەوەستاوین، بەڵکو هاوسۆز بووین و بەرگریمان لە داوا دەستوورییەکانی پێکهاتەی سوننە لە عێراق کردو، دژی پەراوێزخستن و لاوازکردنی ڕۆڵیان لە ژیانی سیاسی و لە دەسەڵاتدا بووین، هەروەها پابەند بووین بەمافەکانی پێکهاتەی شیعە و ڕۆڵیان و ئەوەی دەستوور بۆیانی دیاری کردووە لە پێگەی سەرکردایەتی بۆ بەڕێوەبردنی وڵات. هەروەها جەختمان کردۆتە سەر

جیاکردنەوەی سیاسەتە هەڵەکانی بەرپرسانی شیعە لە دەوڵەت و، هەڵوێستەکانی لە ماف و کێشەکانمان و هاوپەیمانی مێژووییمان لەگەڵ پێکهاتەی شیعەدا کە شانازی پێوە دەکەین، هەروەها لەگەڵ بەرپرسە سوننەکان و پێکهاتەی سوننەشدا.

بەردەوامیش دەبین لە بەرگریکردن بەپێی دەستوور و پێشڤەچوونەکانی ژیانی سیاسی و ماف و داواکارییەکانی هەموو عێراقییەکان بە هەموو پێکهاتە و لایەنە سیاسی و نەتەوەیی و ئاینییەکانیانەوە.بەردەوامیش گوتوومانە، ئەمڕۆش دووپاتی دەکەینەوە، ئێمە بەقۆناخێکی هەستیاردا تێدەپەڕین، لە قۆناخەکانی گەشەسەندنی عێراقی نوێدا، مانەوەی عێراقیش پێوەستە بەدابینکردنی بەرژەوەندیی پێکهاتەکانی و بەدەنگەوەچوونی ئامانجە رەواکانیان، ئەمەش بەبێ بنیاتنانی بنچینەکانیدەوڵەتی مەدەنی دیموکراسی و بنیاتنانی دەزگا دەستوورییەکان و جێگیربوونی شەرعییەتی دەسەڵاتەکانیان و پاراستنی سەربەخۆییان بێ هیچ شێواندنێك. ئەم شەرعییەتە پێویستی بەدانانی میکانیزمێکە بۆرێگریکردن لە تاکڕۆیی لە دەسەڵاتدا، یان گەورەبوون لە رێگەی دەسەڵاتەوە، یاخود بەلاڕێدابردنی دەسەڵات بەرەو دیکتاتۆرییەت و لادانی لەو رێڕەوانەی سیستمی دیموکراسی فیدرالی دەستاودەستکردنی دەسەڵات دەیسەپێنن. هەروەها پێویستی بەچاکبوونەوەی ژیانی سیاسی هەیە، لە رێگەی دەرکردنی پرۆسەی سیاسی لە رێڕەوی دابەشکردن و وروژاندنی تایفیانە و ئاراستەکردن و گۆڕینی لاگیرییان بەرەو نیشتیمانی و بەهاگەلی هاوڵاتێتی ئازاد.

کوردستان بەدەست نەهامەتییەکانی تیرۆر و شاڵاوەکانی تەکفیرکردنەوە زۆری چەشتووە، ئێمە درك بەوە دەکەین ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بە چ ئامانجو شێوازێکی وەحشیگەری کار دەکەن و، کەسیش لە پیلانە تارك و دواکەوتووانەکیان نابوێرن.

لەم ڕوانگەیەوە ئیدانەی سەرجەم ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان دەکەین و بەرەنگاریان دەبینەوەو، بەهەموو توانایەکمانەوە دژی پرۆژەکانیان دەوەستین، بەڵام دەرکیش دەکەین کە لەناوبردنی تیرۆر لەڕەگەوە، پێویستی بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویستە کە بێبەشی بکات لە هەر پەنایەکی ئارام، یان لە ژینگەیەکدا کە لە خۆیان بگرێت و هاوسۆزیان بێت.لەسەر ئەرزی واقیع و پاش هەشت ساڵ لە پێڕەوکردنی تاکڕۆیی و پەراوێزخستنی پێکهاتەی سوننە لە ڕێگەی گرتنەبەری ڕێوشوێنێك کە کەمترین عەقڵانییەت و دانایی تێدا نەبوو، داعش و گرووپە تیرۆریستییەکان و چەکدارانی هۆزەکان لەوانەی زیانیان لەو سیاسەتانەی حکوومەت پێگەیشتووە، توانییان بەزبرەی هێز ناوچەیەکی فراوان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. داعش بریتی نییە لە پێکهاتەی سوننە، هەروەها گرووپەکانی دیکەش گوزارشت لەو پێکهاتەیە ناکەن، ئەگەرچ هەندێك لە دانیشتووانی ئەو ناوچانەی ئێستا هەست بەدڵنەواییەك بکەن، ئەوە دیاردەیەکی کاتییە و، گۆڕانکارییە یەك لە دواییەکەکان هەرچی زووترە ئەو واقیعە دەخاتەڕوو، دەرچوون لە دژی دەسەڵاتی داعش سەرهەڵدەدات، دەرکەوتنی جیاوازییەکان تا ڕادەی هەڵایسانی شەڕ و ئاژاوە لەنێوان گرووپە چەکدارەکان و ڕاپەڕینی دانیشتووان بەدژی دەسەڵاتی تیرۆر، کە لەوانەیە نەهامەتییەکانی لە نەهامەتییەکانیانی

ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی تاکڕۆی بەغدا کە دژی دەستوورە، زیاتر بێ.

بەپێی بەرپرسیارەتییە هاریکارییەکانمان، ئێمە بەردەوام دەبین لە پەیوەندیکردن بە هەموو لایەنەکان، ئەوانەی لەگەڵ ئێمە هاوڕانیان جیاوازن، بۆ گەڵاڵەکردن و دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی ریشەیی کە پایەکەی، ئەنجامدانی چاکسازی لە دامودەزگاکانی وڵاتدا و چەسپاندنی میکانیزمێکی دیموکراسییانەی ئەوتۆ کەڕێ لە گەورەبوونی هەر فەرمانڕەواو دەسەڵاتێکی سیاسی بگرێت.هەروەها لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا بەدوای پێداویستییەکانی باردۆخی ئێستادا دەگەڕێین کە دوای رووداوەکانی موسڵ پاش ١٠ی حوزەیران هاتۆتە کایەوە، لەڕووی گۆڕانکاری و ئەو چوارچێوە سیاسییەی کە بەدەنگ پێکهاتەی سوننەوە بێت و دڵنیایان بکاتەوەو تیرۆریستان وەلابنێت و لەو پەنایانەیان دوور بخاتەوە کە تێیدا هەڵدەسووڕێن.ئێمە گوێمان نەداوەتە ئەو سووکایەتی و تۆمەتە دوژمنکارانەی شکستخواردووان دژ بەگەلەکەمان و هەرێمی کوردستان هەڵیاندەبەستن، لەمەشدا لە ئاگایی گەلی عێراق و دڵسۆزانی قەوارەو حزبەکان رادەپەرمووین، تا وەڵام بدەنەوەو سنوورێکی بۆ دابنێن، ئێمە قەڵغانێکی گونجاومان هەیە بۆ سەرجەم ئەو کەسانەی سوورن لەسەر رێکردن بەو رێگە سەختەدا.ئێمە دەپرسین، ئەو کەسەی عەرەبی عێراقی لەیەك جیاکردەوە بۆ سوننە و شیعە، هەر خۆی نییە کە عێراقی بەفیعلی دابەش کردووە؟پاشان ئایا بەهێزکردنی مەیلی تایفەگەری، لە ناخی پارچەپارچەکردنی پێکهاتەی کۆمەڵگەی عێراقیە نییە؟

گەلی کورد لە کاتێکدا پەرلەمان و سەرکردایەتییەکەی دەخاتە بەردەم بەرپرسیارەتییەکی مێژوویی بۆ دیاریکردنی ڕێڕەوی بڕیاردانی چارەنووس، لە هەمان کاتدا بەردەوام دەبێت لە گرتنەبەری هەموو ڕێوشوێنێك کە بەگونجاوی دەبینێت بۆ پاراستنی مافەکانی، پاشگەزیش نابێتەوە لەو ڕێڕەوەی لە مافی بڕیاردانی چارەنووسدا، بەرجەستە دەبێت. هاوکات چاوی لەوەیە هێزە گرنگەکان لە حزب و قەوارەی پەرلەمانی، شیعە و سوننەکان، دەستپێشخەرییەکی سیاسی رابگەیەنن، تا لەڕێگەیەوە عێراق ئاسایی بێتەوە، دادپەروەری و ئازادی و شەریکایەتیراستەقینە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بۆ هەموو پێکهاتەکان لە وڵاتێکی دیموکراسی فیدرالیدا فەراهەم بکات، وڵاتێك، ڕێگر بێت لە خۆسەپاندن و تاکڕۆیی و دکتاتۆرییەت.مافی بڕیاردانی چارەنووس، مافێکی شەرعی گەلەکەمانە، بە پشتبەستن بە هەموویاساو پرانسیپە نێونەتەوەیی و نیشتمانییەکان، گەلەکەمان لەم مافە پاشگەز نابێتەوەو جێبەجێکردنی میکانزم و دابینکردنی پێداویستییەکانی، لەوەیشدا پشت بە گەلی عێراقدەبەستێت، بە راوێژکردن لەگەڵ نوێنەرانی و سەرجەم ئەو کەسانەی کە پشتگیری لە مافی ئەو گەل و نەتەوانە دەکەن کە ئیرادەیان دەستی بەسەردا گیراوە.ژیانی هاوبەش بژاردەیەکی خۆبەخۆییە ئەگەر گەل ویستی خۆی تێدا ببینییەوە بۆ قۆناخێك لە قۆناخەکانی مافە مێژووییەکەی، لەم بارەیەوە گەلەکەمان هەڵویستی ئایەتوڵڵا (ئیمام موحسین ئەلحەکیم) و (شەهید سەدر) لەیاد ناکات بۆ پشتگیریکردنیان لە گەلی کورد وخەبات و بەرگریکردنیلە ماف و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی. بەرپرسیارێتی جیابوونەوەو پارچەپارچەکردنی عێراق، دەکەوێتە

ئەستۆی ئەو هێز و حوکمڕانانەی پشت بەبەرنامەی دابەشکردنی کۆمەڵگە دەبەستلەسەر بنچینەیەکی تایفی و مەزهەبی و هاووڵاتی دەکوژن، یان پەراوێزی دەخەن بە هۆی ناسنامەکەیەوە.

ئایا ئەوە بۆ هەموو عێراقییەك و هەموو گەلانی دۆستی گەلەکەمان دەرنەکەوتووە کە دەستگرتنی مالیکی بەویلایەتی سێیەمەوە، سەرەڕای ئەو شکستە مەترسیدارەی کە عێراق رووبەڕووی بۆتەوەو، جەختکردنەوەی سەرجەم هێزە سیاسییەکان لەسەر گۆڕینی، کەرەسەیەکە بۆ پاڵنانی عێراق بەرەو ئاژاوەو دابەشبوونێکی زیاتر و هەڵدێرێکی بێ کۆتایی؟ئێمە زۆر بەڕوونی تەئکید دەکەینەوە، لە مافی بڕیاردانی چارەنووسمان پاشگەز نابینەوە، وەك چۆن گەلەکەمان بەئیرادەیەکی ئازادەوە بڕیاری لەبارەوە دەدات. هەڕەشەکردن لە داهاتووی عێراق و عێراقییەکان، بەرپرسیارەتییەکە، دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسانەی سوورن لەسەر کەلێن خستنە نێو کۆمەڵگەی عێراقی و دەستوور پێشێل دەکەن و، عێراقیش دەخەنە دۆخی رووبەڕووبوونەوەی جۆرێکی نوێ لە دیکتاتۆرییەت".

# هۆشدارییەکانی
# ساڵی
# ٢٠١٥

٢٠ـی ٧ـی ٢٠١٥



## لە دیدارێکدا لەگەڵ (د. خالد بن محەمەد ئەلعەتییە) وەزیری دەرەوەی قەتەر:

"ئـەو تـاوان و دڕندەییـەی تیرۆریسـتان لـە عێـراق لـە دژی خەڵـک و پێکهاتـەکان ئەنجامیـان داوە لە مێژوودا وێنەی نەبووە، کە تیرۆریسـتان سـوودیان لـە ململانێـی تاییفـی و بارودۆخی نالەبـاری سیاسـی وەرگرت و گەشـەیان کـرد".

٢٧ـی ٧ـی ٢٠١٥



## لە دیدارێکدا لەگەڵ کۆمیساری باڵای یەکێتی ئەورووپا بۆ کاروباری مرۆیی و بەڕێوەبردنی قەیرانەکان و باڵیۆزی یەکێتیی ئەوروپا لە عێراق:

"مێـژوو هەڵـەی گـەورەی تێدایـە و بـەردەوام ئـەو کێشـە مێژووییانـە سـەرهەڵدەدەنەوە، ئێسـتا دەرفەتێـک ڕەخسـاوە بۆئـەوەی هەڵـەکان ڕاسـت بکرێنـەوە، چوونکـە دەرکـەوت کـە نـە دابەشـکردنی بـەزۆر و نـە پێکەوەژیانـی بـەزۆر تاسـەر بـەردەوام نابێـت".

٢٩ی ٧ی ٢٠١٥



## لە دیدارێکدا لەگەڵ (لیندا ساچس) باڵیۆزی ئوسترالیا لە عێراق:

"هیواخوازین کێشە ناوخۆییەکانی عێراق بە نیازپاکی چارەسەر بکرێن و دوور لە تاکڕەوی و سەپاندن".

٥ی ٩ی ٢٠١٥



## لە دیدارێکدا لەگەڵ (جان کۆبیس) نوێنەری تایبەتیی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق:

"ئەگەر ئەو پرۆسەیە لەپێناو چەسپاندنی دەستوور و شەراکەتی راستەقینە و بنبڕکردنی گەندەڵی بێت ئەوا هەرێمی کوردستان بە تەواوی پشتیوانی دەکات، بەڵام ئەگەر بۆ پشتگوێخستنی دەستوور و پەراوێزخستنی لایەنەکان بەتایبەتی گەلی کوردستان بێت و ئامانجیان پیادەکردنی حوکمێکی تاکڕەوانە بێت ئەوا ڕەتی دەکەینەوە، باشترین چارەسەر بۆ کێشەکانی عێراق شەراکەتی راستەقینە و بەشداریکردنی هەموو پێکهاتەکان و جێبەجێکردنی دەستوورە".

١٧ـی ١٢ـی ٢٠١٥



## له دیدارێکدا لەگەڵ (ئاشتن کارتر) وەزیری بەرگریی ئەمەریکا:

"پێویستە هاوکات بیر لە چارەسەری بارودۆخی سیاسی عێراقیش بکرێتەوە، هەرچەندە گەلی کوردستان لەژێر گوشاری شەڕو قەیرانی ئابووری و بڕینی بوودجەدایە بەڵام خۆڕاگر بووە، خۆڕاگرییەکەیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خاوەنی دۆزی ڕەوای خۆیەتی و لەپێناویدا تێدەکۆشێت و قوربانی دەدات".

# هۆشدارییەکانی
# ساڵی
# ٢٠١٦

٦ی ١ی ٢٠١٦



## له دیدارێکدا لەگەڵ سەرجەم کونسوڵ و نوێنەرانی وڵاتان:

"هەرێمی کوردستان یارمەتی حکومەتی تازەی عێراقی داوەو لە دیالۆگ بەردەوام دەبێت، پێویستیشە شەراکەتێکی راستەقینە بێتەئارا، یان رێککەوتن لەسەر دارشتنێکی تازە بکرێت بە شێوازی ئاشتیانە و بە دیالۆگ، بۆئەوەی بتوانین بە ئاشتیانە و برایانە لەتەك یەکتردا بژین و چیتر کارەسات و نەهامەتی دووبارە نەبنەوە. ناکۆکییەکانی ناوخۆیناکۆکی مەترسیدارو قووڵ و تاییفی نین، بەڵکو ناکۆکی سیاسین و قابیلی چارەسەرن، لەگەڵ حزبەکاندا هەوڵ دەدەن لەسەر کۆی گرفتەکان بگەنە ئەنجامێك.ململانێی تاییفی بابەتێکی مەترسیدارە و گەلی کوردستانیش نە کێشەی تاییفی هەیە و هەرگیز نابێتە بەشێك لە ململانێی تاییفی لە ناوچەکەدا. لەپێناو بردنەوەی ئاشتیدا پێویستە کۆتایی بە تۆڵە و ململانێی تاییفی بهێنرێت، ئەگەر وڵاتان بەردەوام بن لەم ململانێکان داعشیش تەواو بێت ئەوە دیاردەی مەترسیدارتر لە داعش سەرهەڵدەدات".

١٦ـی ٣ـی ٢٠١٦



## لە دیدارێکدا لەگەڵ تاقانەکانی کارەساتی هەڵەبجەی شەهید:

"بۆئەوەی کۆتایی بە کارەساتەکان بێت و بتوانین خۆمان بپارێزین دەبێت بیر لە ڕێگەچارەیەکیتر بکەینەوە، کوردستان چیتر ناتوانیت قوربانی بدات و بە پاشکۆیی بمێنێتەوە، شەڕاکەتیشی قبووڵ نەکرێت و ئەو بارودۆخە نالەبارەی ئێستا بەسەر عێراقدا هاتووە کوردستان لێی بەرپرس نییە".

١٣ـی ٥ـی ٢٠١٦

philly.com


"caliphate" entrenched across swaths of Syria and Iraq, now is the time to rethink the boundaries of the region. But unlike 100 years ago, when Britain and France divided up the Arab world, Mideast leaders must take part in the process.

Part of the Mideast reboot, Barzani hopes, w...

## لە دیدارێکی ڕۆژنامەوانی وێبسایتی فیللی:

"سیستمی فیدراڵی لە عێراق شکستی هێناوە و ئێستا خەڵك دەبێت بڕیار بدەن، ئایا لەگەڵ کۆنفیدراڵیدان یان نا، بەڵام بەدڵنیاییەوە بەو شێوە فیدراڵییە نامێنینەوە و ناتوانین تاهەتایە بەو شێوەیە بمێنینەوە".

١٦ـی ٥ـی ٢٠١٦




## پەیامی سەرۆك بارزانی لە یادی سەدساڵەی ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ:

"سەد ساڵ بەسەر ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ تێدەپەڕێت. ئەو ڕێککەوتنەی لە دوای یەکەم جەنگیجیهانەوەبوویەهۆیدابەشبوونیناو چەکەبێئەوەی ڕەچاوی ڕایدانیشتوانوسرووشتیدیموگرافیناوچەکەبك ات وزوڵمێکیگەورەلەگەلانیناوچەکەوبەتایبەتیگەلیکوردستانکرا. ئەنجامی ئەو ڕێککەوتنە بە پلەی یەکەم بۆ گەلی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا کارەساتبار بوو، ئەو دەوڵەتەی لەسەر بنەمای شەراکەتی دوو نەتەوەی سەرەکی کورد و عەرەب دامەزرا بوو، لە کردەدا شەراکەتی کورد پشتگوێ خراو لە لایەن حکوومەت و ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق گەورەترین کارەسات و زوڵم و نکۆڵیکاری دەرهەق گەلی کوردستان ئەنجام درا، بەشی گەلی کوردستان لەو شەراکەتە، ئەنفالی ١٢ هەزار گەنجی فەیلی و هەشت هەزار بارزانی و ١٨٢ هەزار هاووڵاتی کورد لە گەرمیان و ناوچەکانیتر و، کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و وێرانکردنی ٤٥٠٠ گوند و تەعریب و شەڕ و کاولکاری و جینۆساید بوو.

دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ گەلی کوردستان ویستی لاپەڕەیەکی تازە بکاتەوە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و دەستی بۆ تۆڵەسەندنەوە نەبرد، بەڵام حکوومەتی عێراق بەردەوام بوو لە ملهوڕی و سەرەڕۆیی خۆی، دوای ٢٠٠٣ و پاش

رووخانـی رژێمـی بەعـس گەلـی کوردسـتان لەپێنـاو بنیاتنانـەوەی عێـراق لەسـەر بنەمـای شـەراکەت و دیموکراسـی و فیدراڵیـزم هەمـوو توانـای خـۆی بەکارهێنـا بۆئـەوەی دۆخـی عێـراق باشـتر بێـت و دەسـتوور بنووسرێـت و شـەراکەت و تەوافـوق بچەسـپێت، بـەڵام لـە کـردەدا کار بـە دەسـتوور نەکـرا و حکوومەتـی عێـراق خـۆی لـە پابەندبوونـەکان شـاردەوە و شـەراکەتی پێشـێل کـرد و قووتـی خەڵکـی کوردستانیشـی بـڕی. شـەڕ و کارەسـات و ناسـەقامگیری و توندڕۆیـی و بێبەشـبوون دەرئەنجامـی ئـەو رێککەوتنـە بـوو کـە بـە زۆر پێکهاتەکانـی لـە ناوچەکـە و بەتایبـەت لـە عێراقـدا پێکـەوە لکانـد. لەوەتـای ئـەو پێکەوەلکاندنـە بـەزۆرە رووی داوە گەلانـی کوردسـتان و عێـراق و ناوچەکـە ئاشـتی و سـەقامگیرییان بەخۆیـەوە نەدیـوە. ئێسـتا بە عەمەلـی عێـراق دابـەش کـراوە، تایبەفەگـەری هێڵەکانـی ئـەو دابەشـبوونە پێکدەهێنـێ. لـە عێـراق و سـووریاو زۆر وڵاتـی تـر داعـش سـنوورەکانی تێکـداوە و سـنووری نوێـی دروسـتکردووە. لـەم دۆخـەی ئێسـتای عێراقیشـدا گەلـی کوردسـتان بـە هیـچ شـێوەیەك بەرپرسـیار نییـە.

بەرپرسـیارێتی ئـەو دۆخە دەکەوێتە ئەسـتۆی ئەوانەی سـەد سـاڵ بەر لە ئێسـتا ناوچەکەیـان دابەش کـرد، هەروەها سیاسـەتی هەڵەی دەسـتەڵادارانی ناوچەکـە و بەغـدا کـە ویسـتیان بـە زۆری چەك و سـەرکوتکاری سـەقامگیری دروسـت بکـەن و لەوەدا سـەرنەکەوتن.

دوای سـەد سـاڵ دابەشـبوون و رەنـج و نەهامەتـی، گەلـی کوردسـتان هەموو رێگەیەکـی بـۆ پاراسـتنی یەکپارچەیـی عێـراق و دەوڵـەت بـە مانـای حەقیقـی تاقـی کردۆتـەوە، بـەڵام سـوودی نەبـووە. مەمنـون دەبـم لـەم دۆخـەدا یەکێـك پێمانبڵێـت گەلی کوردسـتان چیتربکات یـان چیتری کردبـا بۆئەوەی عێـراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە؟ لەپێناو رێگرتن لە شـەڕ و ناسـەقامگیری و کارەسـاتی تـر پێویسـتە پێداچوونـەوە بە رێککەوتنی سـایکس پیکۆ بکرێـت، چونکە چیتر

دانیشـتوانی عێراق بەرگەی شەڕ و ناکۆکی و توندڕۆیی ناگرن. ناکرێ پێداگری لەسـەر دووبارەبوونـەوەی سـەد سـاڵ هەڵـە و کارەسـات بکرێـت و پێویسـتە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی و وڵاتانـی هەرێمایەتی لەوە بگـەن، کە بۆ کۆتاییهێنان بـە نەهامەتییەکانی عێـراق دەبێ بگەڕێینـەوە بۆ سرووشـت و ئیرادەو ویسـتی دانیشـتوانی ناوچەکانـی عێـراق و، لەسـەر ئەوبنەمایانەبڕیارلەشـێوازیژیانو ئایینـدەی سیاسـییان بدرێت. لەبـارەی چارەنووسـی گەلی کـورد لە پارچەکانی تریـش، ئـەوە هـەر پارچەیـەك تایبەتمەنـدی و بارودۆخـی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە و پێویسـتە دۆزی کـورد لـە پارچەکانی تردا بە ئاشـتی و دیالـۆگ و بەپێی تایبەتمەندییەکانـی هـەر پارچەیەك چارەسـەر بکرێت.

دەبـێ دان بـەو واقعـەدا بنێـن کـە ئێسـتا لەئارادایـە، چەمکـی هاووڵاتیبـوون دروسـت نەبـوو و ئێسـتاش سـنوور و سـەروەری مانـای نەمـاوە و سـایکس پیکۆ کۆتایـی هاتـووە، بۆیـە وەك بەرپرسـیارێتییەکی مێژوویـی پێویسـتە وڵاتـان و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی، لە جیاتی پێداگری لەسـەر بەردەوامبوونـی ئازارەکانی خەڵکـی عێـراق، بیـر لـە چارەسـەری واقعیانـە و حەقیقیـی عێـراق و ناوچەکـە بکەنـەوە. ئەگینـا شـەڕو توندڕۆیی و کارەسـات هـەر بـەردەوام دەبێت و ئاشـتی و ئاساییشـی نێودەوڵەتیش دەکەوێتە مەترسییەوە.لەم دۆخە سەختەی ئێستادا هەلێکـی مێژوویـی لەبـەردەم هەمـوو لایەکـە بۆئـەوەی رێگـە لـە کارەسـات و نەهامەتییـەکان بگیرێـت و ئەزموونی رابردوو دووبارە نەبێتەوە. لە سـەد سـاڵەی رێککەوتنـی سـایکس پیکـۆدا داوا دەکەم، گفتوگۆیەکی جیـددی لەنێـوان هەرێم و بەغـدا دەسـت پێبـکات بـۆ گەیشـتن بـە چارەسـەرێکی تـازەو ئەگـەر شـەراکەت سـەرکەوتوو نەبـوو بـا بـراو دراوسـێی بـاش بین.ئەگـەر لایەنـە سیاسـییەکانیش بـە بیانـووی جیـاواز بیانـەوێ لەو هەلـە مێژووییەدا لـە بەرپرسـیارێتی رابکەن، ئـەوا گـەل بڕیـاری خـۆی دەدات و بڕیـاری گەلیش لە هەموو بڕیارێك بەهێزتر و شـەرعیترەو، بـە دڵنیاییشـەوە گـەل بڕیـاری خـۆی دەدات".

٤ـی ٧ـی ٢٠١٦



## لە دیدارێکدا لەگەڵ (ئەرشەد ساڵحی سەرۆکی بەرەی تورکمانی لە عێراق:

"پێویستە چارەسەرێکی تازە بۆ عێراق بدۆزرێتەوەو پێکهاتەکانی عێراقیش لە بڕیاردان بۆ ئەو چارەنووسە ڕۆڵی خۆیان هەبێت".

١٩ـی ٧ـی ٢٠١٦



## لە دیدارێکدا لەگەڵ شاندێکی هاوبەشی کونسووڵ و نوێنەری وڵاتانی عەرەب:

"سیاسەتی ئینکارکردنی گەل و نەتەوەکان سیاسەتێکی پووچەڵ و بێبەهایە و کۆتایی هاتووەو گەلانی ناوچەکە دەبێ بە ئاشتی و ڕێزگرتن لەتەك یەکتردا بژین".

٣٠ـی ٧ـی ٢٠١٦



## لە دیدارێکدا لەگەڵ (چێن وێتچینگ) باڵیۆزی چین لە عێراق:

"لەپێناو عێراقدا گەلی کوردستان هەموو چەشنە قوربانییەکی داوە، بەڵام بەشی گەلی کوردستان جینۆساید و پێشێلکردنی مافەکانی بووە".

١٦ـی ١١ـی ٢٠١٦




## لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ کەسایەتی و پیاوماقووڵانی باشیك:

"کاتێك رژێمی بەعس رووخا گوتمان ئیدی رزگار بووین، بەڵام ئەوەندەی نەبرد، ئەنسارولئیسلام و قاعیدە پەیدا بوون، پاشان کابرایەك لەسەر حیسابی کورد بووە حاکم لە بەغدا، بەڵام چاوی لەوە بوو فرۆکەی ئێف شازدەی بۆ بێت بۆئەوەی بۆردوومانی ئێمە بکات، دوای ئەویش داعش هات، بەڵام چیدیکە رێگە بەوە نادەین پیلانی دوژمنان سەربگرێت".

# هۆشدارییەکانی
# ساڵی
# ٢٠١٧

١٢ـی ١ـی ٢٠١٧



## له دیداری لەگەڵ کونسوڵ و نوێنەرایەتی وڵاتان له هەولێر:

"کەس مافی ئەوەی نییە لەبارەی یەکپارچەیی عێراق گلەیی لە ئێمە بکات، چونکە هەم لەپێش ٢٠٠٣ و لە دوای ئەوەیش، هەموو شتێکمان کرد بۆ چەسپاندنی شەراکەتی راستەقینە و فرەیی و دیموکراسی و فیدراڵی. لە ٢٩ی ئەیلوولی ساڵی رابردوو کاتێک سەردانی بەغدام کرد بەوردی و راشکاوی تەواو لەگەڵ سەرۆکوەزیران و لایەنەکان گفتوگۆمان کرد، ئەوانیش گوێیان لە سەرنجەکان گرت و لەسەر ئەوە رێککەوتین بکەوینە گفتوگۆ تا بگەینە چارەسەرێک کە کۆتایی بە تراژیدیاو کێشەکانی رابردوو بێت و دووبارە نەبنەوە".

٢٠ـی ١ـی ٢٠١٧




## لە پانێلێکی کۆڕبەندی نێودەوڵەتی داڤۆس:

"پێویستە کار بکرێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ کێشەی ململانێی ئاینی و مەزهەبی و تاییفی لە عێراق و

ناوچەکە، ئەگینا سەقامگیری نایەتە ئاراوە، کێبرکێ و ململانێی ئاینی و مەزهەبی و تائیفی لە عێراق و سووریا بوونی هەیە و ئەوە واقیعە و چارەسەری بەپەلەشی ئەستەمە، بەڵام پێویستە کار بکرێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك ئەگینا سەقامگیری لەو دوو وڵاتە نایەتە ئاراوە".

٢٣ ی ١ ی ٢٠١٧





## لە دیدارێکی ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:

"جیا لەو هەماهەنگییەی لە بواری سەربازی و لە پرۆسەی ئازادکردنەوەی مووسڵ لەنێوان هەولێر و بەغدادا هەیە، لە بوارەکانی دیکەدا پێوەندییەکان خراپن، لە دواسەردانمدا بۆ بەغدا ئەمەم بە ڕاشکاوی پێ گوتن، بە سەرۆکوەزیران (عەبادی) و (هاوپەیمانی نیشتیمانی)شم گوت، ئەوان تێگەیشتنیان بۆ ئەم ڕایەی ئێمە هەبوو، لە بیناکردنی شەراکەتی حەقیقی لە عێراقدا شکستمان برد، دەکرێ دوو دراوسێی چاك و بەکەڵك بین بۆ یەکتر. ئەگەر (مالیکی) ببێتەوە سەرۆکوەزیران و حوکمی عێراق بکات، سەربەخۆیی ڕادەگەیەنم جا چ دەبێت با ببێت. پرس و ڕا بە کەس ناکەم، نامانەوێ عێراق چی دی کاول بێت، لەسەردەمی حوکمی ئەودا سەدانکەسلە شوێنە جیاجیاکان تیرۆر کران، ئەو سیاسەت و

ئەجێنداى تاییفی و تاکڕۆییانەی بەرانبەر بە کورد و سوننە پێڕۆ دەکرد، پێیوابوو تەنیا خۆی خاوەنی عێراقە، لەبەر ئەمانە ناموێ لە عێراقێکدا بمێنەوە (مالیکی) حوکمی بکات، بەداخەوە چاوەڕێ نەبووم بەم شێوەیە دژایەتی کورد بکات و رقی لێی هەبێت، مالیکی خیانەتی لە برایەتی و هەماهەنگی کرد، هەمان هێزی سەددامی هەبایە، قۆناغی حوکمداری ئەوی تێدەپەڕاند".

٤ی ٢ی ٢٠١٧



## لە دیدارێکدا لەگەڵ (عەممار ئەلحەکیم) سەرۆکی هاوپەیمانیەتیی نیشتمانی:

"سەرۆك بارزانی باسی لەو نەهامەتییانە کرد کە لە لایەن حکوومەتەکانی عێراقی بەسەر گەلی کوردستاندا هاتووە، لە قۆناغی دروستبوونی عێراق تا رووخانی رژێمی بەعس، ئاماژەیشی بەو پێشێلکارییانە کرد کە لەدوای ٢٠٠٣ دەرهەق بە گەلی کوردستان کراوە، جەختی لەوە کردەوە کە گەلی کوردستان لەدوای رووخانی بەعس هەموو هەوڵێکی داوە بۆ بنیاتنانی عێراقی تازە، بەڵام هەروەك قۆناغی پێشوو کار بۆ تێکدانی شەراکەت و پێشێلکردنی مافەکانی گەلی کوردستان و زاڵکردنی زمانی زۆرینە و دواجار بڕینی قووتی خەڵکی کوردستان کرا. ئەم هۆکارانە بووە هۆی نەمانی

متمانە و قووڵبوونەوەی کێشەکان، بۆیە هەر چارەسەرێك هەبێت دەبێت بەشێوەیەك بێت کە کۆتایی بە سەرهەڵدانەوەی کارەسات و نەهامەتییەکان لەدژی گەلی کوردستان بێت".

١١ی ٣ی ٢٠١٧



## لە دیدارێکدا لەگەڵ شاندێکی ناوەندی دیالۆگی رافیدەین:

"دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای شەراکەتی کورد و عەرەب و رەچاوکردنی مافی پێکهاتەکانی دیکە دامەزرا، بەڵام بەشی گەلی کوردستان لەو شەراکەتە ٤٥٠٠ گوندی وێران و ١٨٢ هەزار ئەنفال و بێسەروشوێنبوونی ١٢ هەزار گەنجی فەیلی و هەشتهەزار بارزانی و کیمیابارانکردنی کوردستان بوو. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا گەلی کوردستان لە قۆناغەکانی خەباتیدا یەك جاریش پەنای بۆ تەقاندنەوەو کردەی دژی خەڵکی سڤیل نەبرد، هەروەها لە راپەرینی ١٩٩١یشدا لەپێناو کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، گەلی کوردستان دەستی بۆ تۆڵەسەندنەوە نەبرد. دوای رووخانی بەعس زۆر هەوڵیاندا لایەنەکانی عێراقی سوود لە ئەزموونی کوردستان وەربگرن و بەرەو تۆڵەسەندنەوە لە یەکتر هەنگاو نەنێن و هەڵەکانی رابردوو دووبارە نەبێتەوە، بەڵام کردەوەو بڕیارەکانی حکوومەتی عێراقی پێچەوانەی ئەو بنەمایانە بوو

کـه لـه دەسـتوور جێگیـر کرابـوو، کار گەییشـتە تۆڵەسـەندنەوەو قووڵتربوونـی تاییفەگـەری و ئابلۆقەدانی پێشـمەرگە و هەرەشـەکردن لـە کوردسـتان و سـەرئەنجام بڕینـی قووتـی گەلـی کوردسـتان. هەمـوو ئەوانـە بـە مانـای شکسـتی تەوافـوق و فیدراڵیـەت و بنەمای شـەراکەتە و گەلـی کوردسـتانیش بەرپـرس نییـە لـەو نەهامەتییـەی بەسـەر عێراقدا هاتووەو بەرپرسـیارێتیی ئەم دۆخە دەکەوێتە سـەر ناوەندو لایەنەکانی عێراقـی. لـە مافـی گەلـی کوردسـتان لـە بڕیـاردان لەسـەر چارەنووسـی خـۆی کـردەوەو، ئـەوەی خسـتەڕوو کـە لـە هیـچ جێگەیەکـی جیهانـدا یەکگرتنـی زۆرەملـێ یـان لێکترازاندنـی زۆرەملـێ سـەرینەگرتووە".

٢١ی ٦ی ٢٠١٧



## لە دیدارێکدا لەگەڵ کەسایەتی و ئەکادیمی و سەرۆکهۆزە عەرەبەکانی نەینەوا و مەخموور:

"بڕیـاری ریفراندۆمی گەلی کوردسـتان لەسـەر بنەمـای ئەزموونێکی تـاڵ لەگـەڵ دەوڵەتـی عێـراق دراوەو، مەرجـی شـەراکەت لەگـەڵ گەلـی کورد لە لایەن حکوومەتەکانی عێراق پێشـێل کراوە. دوایبەشـداری کارای کوردسـتان لـە دووبـارە بنیاتنانـەوەی دەوڵەتـی عێـراق و نووسـینەوەی دەسـتوور، بەڵام بەشـێوەیەکی نایاسـایی و نادەسـتووری وەک سـزادانی

هەرێـم نانـی خەڵکـی کوردسـتان بـڕدرا، هــەر لـەوە ڕۆژەی بڕیاریـان لـە بڕینـی قووتـی خەڵکـی کوردسـتان دا هــەر ئەوانەیـش بڕیاریـان لـە دابەشـکردنی عێـراق دا. مانــەوەی دۆخـی عێراقـی بەمشـێوەیە هەڕەشـە و مەترسـییە.

ناکرێ لە عێراقێکی یەکگرتوودا بمێنینەوە و شـەڕ بکەین و کێشـەکان قووڵـتر ببنــەوەو دوای ڕیفراندۆمیـش کوردسـتان دەکەوێتـە گفتگـۆو لێکتێگەیشـتن لەگـەڵ بەغـدا بـۆ گەیشـتن بـە چارەسـەری گونجـاوو ئاشـتیانە و بەغـداو هەولێریش قووڵایـی سـتراتیژی یەکتر دەمێننـەوە".

٢٢ـی ٦ـی ٢٠١٧



**لـە دیدارێکدا لەگـەڵ نوێنـەری یەکێتـی ئەورووپا لـە عێـراق و نوێنـەری وڵاتانـی ئەنـدام لـە یەکێتـی ئەوروپا لـە باڵیۆزانـی بەلجیـکاو پۆڵەنـداو بەرپرسـی ئۆفیسـی یەکێتـی ئەوروپـا لـە هەولێـرو نوێنەرانـی باڵیۆزخانـەی ئیتالیـاو ئیسـپانیاو کۆنسـوڵەکانی ئەڵمانیـاو فرەنسـاو هۆڵەنـداو نوێنەرانـی کونسـوڵخانەی بریتانیـاو چیـك و ڕۆمانیـا لـە هەولێـر:**

"دوای ٢٠٠٣ گەلـی کوردسـتان بــە هەمـوو توانایەکــەوە یارمەتـی بنیاتنانــەوەی عێراقـی دا لەسـەر بنەمـای دیموکراسـی و فیدرالیـزم و دەسـتوور و شـەراکەت و تەوافـوق و، ئومێـدی بـە ژیانێکـی نـوێ

هەبوو، بەڵام هەموو ئەو بنەمایانە بە دەستووریشەوە لەلایەن حکوومەتەکانی عێراق و فەرهەنگی باڵادەست لە بەغدا پشتگوێ خران و پێشێل کران، کار گەیشتە سەر ئەوەی وەك سزادانێکی سیاسی قووتی تێکڕای گەلی کوردستان بڕدرا، ئەوە پێشێلکردنی مەترسیداری هەموو هەوڵێك بوو بۆ بنیاتنانی عێراق و مەسەلەی شەراکەت.

گەلی کوردستان ئەزموونێکی تاڵی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق هەیە، هەموو ڕێگەیەکی بۆ پاراستنی عێراقی یەکگرتوو تاقی کردۆتەوەو قوربانی و باجی زۆری داوە، بەڵام بێ ئەنجام بووەو دواجار بەو ئەنجامە گەیشتووە کە مادام نەتوانرێ شەراکەت بپارێزرێ و لەپێناو ڕێگرتن لە شەڕو نەهامەتی و کێشەی مەترسیدار، با وەك دوو دراوسێ لە تەنیشت یەکتر بژین".

٦ـی ٧ـی ٢٠١٧



## لە دیدارێکدا لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی:

"دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای شەراکەتی گەلی کوردستان و عێراق بنیات نرا، بەڵام ئەو شەراکەتە پێشێل کرا و بەشی گەلی کوردستان لەو شەراکەتە ئەنفال و جینۆساید و وێرانکاری و کیمیاباران

بـووە، لـە قۆنـاغـی دوای ٢٠٠٣ـیش گـەلـی کوردسـتان بـە ئارزومەندانـە بڕیاریـدا لەگـەڵ دەوڵەتـی عێـراق یـەك بگرێتـەوەو ڕۆڵـی سـەرەکی بینـی لـە بونیاتنانـەوەی عێراق و نووسـینەوەی دەسـتوور بـۆ عێراقـی فیدراڵـی و دیموکراتـی، بەڵام دەسـتوور پێشـێل کـراو کار گەیشـتە بڕینی قووتـی خەڵکـی کوردسـتان تەنانـەت شـیری منداڵانیـش، هەروەهـا بـە پێچەوانـەی ڕێککەوتنـەکان پێشـمەرگە (کـە بەشـێك بـوو لـە سیسـتمی بەرگـری عێـراق) لـە لایـەن حکوومەتـی عێراقـەوە ئابڵوقـەی خرایـە سـەر، لـە سـەرەتای شـەڕی داعشـدا پێشـمەرگە چەکـی نەبـوو بەرگری لـە کوردسـتان بـکات".




١١ـی ٧ـی ٢٠١٧

## بەشێک لە گوتاری سەرۆک بارزانی لە پەرلەمانی ئەورووپا:

"ئێمـە وەک خەڵکـی کوردسـتان سەدسـاڵ زیاتـرە هەوڵمانـدا شـەراکەتێک و عێراقێکـی فیدراڵـی بنیاتبنێیـن، هیـچ ئاکامێکـی نەبـوو، قۆنـاغـی یەکـەم سـوننە حوکمـی عێراقـی کـرد تـا ٢٠٠٣ و قۆناعیدووەمیشـلە ٢٠٠٣ تائێسـتا شـیعەحوکمی عێـراق دەکات. لـە قۆناغـی یەکـەم هەوڵمانـدا لەگـەڵ عێراقـدا بژیـن، مووسـڵمان خسـتە سـەر عێـراق و نەمانهێشـت بکەوێتـە سـەر تورکیـا، حکومەتـی عێـراق

وا پاداشتی داینەوە كە گوندەكانمانی وێران كرد و ئەنفالیان كردین. لە قۆناغی دووەمدا ئێمە بووینە هۆكار شیعە بێنە سەر حوكم، ئەوانیش كەوتنە دژایەتی كوردستان و نانی خەڵكیان بڕی، مادام نەمانتوانی شەریك بین با ببینە دوو دراوسێی باش، ئەگەر ئەمە نەبێت ئەوا ئاسایشی ناوچەكە تێكدەچێت، شەڕێكی خوێناوی دروست دەبێت، ئەزموونی هەموو میللەتی دونیا دەریخست بەتایبەت لە ئەورووپا كە یەكگرتن یان دابەشكردنی بەزۆر تاسەر سەرناگرێت، لە دەستووری عێراقیش هاتووە پابەندبوون بەو دەستوورە پابەندی دەوڵەتی ئیتحادی فیدرالی دەپارێزێت، بۆیە دەستووریش ئەو مافە بە ئێمە دەدات كە ئەو بڕیارە بدەین."

## ١٩ـی ٧ـی ٢٠١٧




## پەیامێك لە سەرۆكی بارزانییەوە بۆ رای گشتی:

"لە چەند رۆژی رابردوودا ژمارەیەك لە سیاسی و كاربەدەستانی عێراقی بۆ دژایەتیكردنی ریفراندۆم و مافەكانی گەلی كوردستان باسی دەستوور و پابەندبوون بە دەستوور عێراق دەكەن، زۆر باشتر دەبوو ئەم بەڕێزانە بە وردی دەستووری عێراق ببینن، چونكە لە دیباجەی

دەستووردا بە روونی هاتووە پابەندبوون بە دەستوور زامنی مانەوەی عێراقە بە یەکپارچەیی.لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئایا پابەندی دەستوور بوون؟ بە دەیان نموونە هەیە کە پێشان دەدات حکوومەتەکانی عێراق پابەندی ئەو دەستوورە نەبوون کە خەڵکی عێراق دەنگی پێدابوو. بە پێچەوانەی دەستوور لە سوپای عێراقدا پارسەنگ تێکدراوەو کورد پەراوێز خراوە، ئەوە لە حاڵێکدابوو پێشمەرگە بناغەی سەرەکی سوپای عێراقی لە دوای ٢٠٠٣ پێکهێنا.لە سلکی دیپلۆماسی و کاروباری دەرەوەدا بە هەمان شێوە کار بۆ گۆشەگیرکردن و دەرکردنی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکرێت.

چەندین ساڵە پێشمەرگە ئابلۆقە دراوە کە بەشێك بووە لە مەنزوومەی بەرگری عێراق. ئەوە جگە لە پشتگوێخستنی ماددەی ١٤٠ و پێکهێنانی ئەنجوومەنی ئیتحادی، ئەو ئەنجوومەنەی زامنی تەوافوق و هاوسەنگی ناو پێکهاتەکانی عێراقە. بە پێچەوانەی دەستوور، هەوڵ دراوە بنەماکانی سیستمی فیدراڵی پێشێل بکرێن یان جێبەجێ نەکرێن.

کار گەیشتە ئەوەی نانی خەڵکی کوردستان بە نووکە ئیمزایەك ببڕن، نەشمانبینی هیچ لایەنێکی سیاسی یان ناوەندێکی ئایینی ئیدانەی ئەو بڕیارە نادەستوری و نامرۆڤانەیە بکات کە قووتی خەڵکی کوردستان و شیری منداڵی کوردستانی بڕیوە. بەپێی کام یاساو کام ماددەی دەستوور، حکوومەتی عێراقی ئەو مافەی هەیە ئیجرائاتی نایاسایی دەرهەق گەلی کوردستان بکات؟

لە لایەکی دیکە لەپێناو شەراکەتی نێوان پێکهاتەکاندا عێراق پێویستی بە بنەمای تەوافوق بوو بەڵام ئەو تەوافوقەشیان تێکدا،

ئێستا بانگەشە بۆ زۆرینەی سیاسی دەکەن، زۆر چاکیش دەزانین مەبەستیان لە زۆرینەی سیاسی چییە، کە لە راستیدا نەهێشتنی شەراکەت و پەراوێزخستنی پێکهاتە سەرەکییەکانی ترە.بە هەموو لایەکیش رادەگەیێنین کە ریفراندۆم مافێکی سرووشتی گەلی کوردستان و هەموو گەلانی جیهانە و، ئەو مافە سرووشتیە دەبێ مومارەسە بکرێت، بۆچی تەنیا ئەو مافە لە گەلی کوردستان حەرام بکرێت؟

ئێمە ئیلتزاممان هەیە بەرانبەر خوێنی شەهیدانمان و رای گشتی و داوکارییە رەواکانی گەلەکەمان، بۆیە لەو مافەی خۆمان پاشگەز نابینەوەو گەلی کوردستان ئەو مافە سرووشتییەی خۆی بەشێوەیەکی ئاشتیانە و دوور لە توندوتیژی پیادە دەکات، چونکە نامانەوێ ئەزموونی تاڵ و شکستخواردووی پێشوو دووبارە بکەینەوە. بە باشی دەزانین هەردوولا دراوسێی یەکتر و قووڵایی ستراتیژی یەکتر بین و وەك براو دۆست هاوکارو هەماهەنگ بین لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا. ئەو سەردەمەش بەسەرچوو بە زمانی هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە دژی مافی رەوای گەلی کوردستان بوەستنەوەو، حەزیش ناکەین کەس ئەو زمانە بەکاربهێنێت، گەلی کوردستان ئاشتی و برایەتی دەوێت، بەلام زمانی هەڕەشە و ئینکار لە کەس قبوڵ ناکات.

٣١ـی ٧ـی ٢٠١٧



## بەشێک لە پەیامی سەرۆک بارزانی لە ڕێوڕەسمی ٣٤ ساڵەی ئەنفالی بارزانییەکاندا:

"ساڵی ڕابردوو خۆم چوومە بەغدا، لە پێش منیش سەرۆك وەزیرانی هەرێم بە مانگێك چووبووە بەغدا، لەوێ زۆر ڕاشکاوانە لەگەڵ هەموو لایەکدا ڕامانگەیاند، ئێمە گەیشتینە قەناعەتێك کە ناکرێت بەیەکەوە بژین و ئێوە بڕواتان بە شەراکەت نییە و ئەو شەراکەتەی هەبووە شکستیهێناوە و با ڕاشکاوانە بین و ئازایانە بگەینە ئەوەی کە مادام نەکرا بە شەراکەت بژین با دراوسێیەکی باش بین، بەڵام ئەوان بە جدی ئەوەیان وەرنەگرت و بڕوایان وابوو کە بۆ فشاردرووستکردنە، ئەوە بۆ فشاردرووستکردن نییە، بەڵکو بڕیارەو سەرەنجام میلەتی ئێمە بڕیاری خۆی دەدات لە ٢٩ی ئەیلوول چارەنووسی خۆی دیار دەکات".

٢ـی ٨ ـی ٢٠١٧



## له دیدارێكدا لەگەڵ له شاندێكی باڵای رابیتەی ئیسلامیی جیهانی:

"گەلـی كوردسـتان هەمـوو رێگەیەكـی بـۆ ژیـان و شـەراكەت لەگـەڵ عێـراق تاقـی كردۆتـەوەو، حكوومەتەكانـی عێـراق لـە تێكدانـی شـەراكەت و لـەو بارودۆخـە بەرپرسـیارن كـە بەسـەر پێكهاتەكانـی عێراقـدا هاتـووە".

٣ـی ٨ ـی ٢٠١٧



## له دیدارێكدا لەگەڵ ژمارەیەك رۆژنامەوانی كوێتی:

"ئەزموونـی رابردوومـان سـەلماندوویەتی كـە حكوومەتەكانـی عێراق گەلـی كوردسـتانیان وەك هاوبـەش قبـوڵ نییـە، گەلـی كوردسـتانیش ژێردەسـتەیی و پاشـكۆیەتی قبوڵ نییە، ئێسـتا كە شـەراكەتی راستەقینە دروسـت نەكـرا، بـا ببینـە دوو دراوسـێی بـاش و رێگـە لـە دروسـتبوونی كێشـەی گەورەتـر بگریـن".

٩ی ٨ ی ٢٠١٧



## لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری مامۆستاو زانای ئایینی و کەسایەتییە فکری و ئایینییەکان:

"عێراق شکستی هێناوە لەوەی کوردستان وەکو هاوبەشێکی راستەقینە پەسند بکات و زیاتر لە ٤٥٠٠ گوندی وێران کرد، وێڕای پرۆسەی تەعریبکردن، گەلی کوردی ئەنفال کردو بە چەکی کیمیاییش چەند ناوچەیەکی کوردستانی بۆردوومان کرد".

١٠ی ٨ ی ٢٠١٧

## لە دیدارێکی ڕۆژنامەی الحیاة:

"دەوڵەتی عێراق لە ڕووی کردارییەوە دابەش بووە، هەموو بنەما هاوبەشەکان و دەستووریش پێشێل کراوە، شەڕی تایبەتی هەیە و دەوڵەت سەروەری نەماوە، بە دڵنیاییەوە هەرێمی کوردستان بەرپرس نییە لەوەی عێراق تێیکەوتووە، بە پێچەوانەوە، لەو بڕوایەداین سەربەخۆیی باشووری کوردستان هۆکارێك دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئێمە

یەکپارچەیی خاکی عێراقمان بە ئامانج نەگرتووە، بەڵکو پابەندنەبوون بە دەستوور و سیاسەتە هەڵەکانی حکوومەتی عێراقە کە یەکپارچەیی خاکەکەی کردۆتە ئامانج. ئێمە دەپرسین، بۆچی سوننە پەراوێز خراوە؟ ئەوە بەڵگەیەکە لەسەر شکستی دەوڵەتی عێراق و پێشێلکردنی دەستوور، هەرێمی کوردستان نەك تەنها دووچاری پەراوێزخستن بۆتەوە، بەڵکو بنەمای هاوبەشییان تێكشکاندو هەرێمی کوردستان رووبەڕووی کۆمەڵکوژیش بۆتەوە، ئێمە ناتوانین چیدیکە لە چوارچێوەی یەك وڵات بژین، بەڵکو دەتوانین ببینە دوو دراوسێ و لاپەڕەیەکی نوێ لە پێکەوەژیانی ئاشتییانە هەڵبدەینەوە".

١٠ـی ٨ ـی ٢٠١٧

## لە دیدارێکی رۆژنامەی ئەلئەهرامی میسری:

" لەوەتەی ساڵانی بیستەکانی سەدەی رابردووەوە، کۆی حکوومەتە یەک لە دوا یەکەکان، لە بڕوابوون بە شەراکەتی حەقیقی شکستیان بردووەو هێشتا بەردەوامە.وەک دژ و بگرە دوژمن مامەڵەیان لەگەڵدا کردووین، هەموو جۆرە شەڕێکیان لە دژ کردووین، بە شەڕی پاکتاوکردنیشەوە وەک ئەوەی بە کیمیایی لە هەڵەبجەیان دا و، ١٨٠ هەزار هاووڵاتی کوردستانیان لێ ئەنفال کردین. هەروەها لە ٥٠٠٠ گوند، ٤٥٠٠ گوندیان لێ خاپوور کردین.

لە پاش ٢٠٠٣ـوە، بە نیازی باشەوە، چووینە بەغدا بۆئەوەی وێکڕا دەوڵەتی هاونیشتیمانی و شەراکەتی حەقیقی بنیاتن بنێین، خەڵکی زیانبار قەرەبوو بکەینەوە. دەستووری هەمیشەییمان بۆ وڵاتەکە نووسییەوە، بەڵام لەو کاتەوە کە ١٤ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، دەسەڵاتدارانی بەغدا نەیانسەلماندووە کە لەوانی پێش خۆیان چاکترن، لە پەراوێزخستن و بگرە رووخاندنیش، هەمان سیاسەتی کۆن پێڕۆ دەکەن، وەک ئەوەی پشکی هەرێمی کوردستانیان لە بوودجەی گشتی وڵات بڕی، لە ساڵی ٢٠١٤ـەوە مووچەی فەرمانبەرانیان راگرتووە، تا ئێستاش ئەوانی ئێستا بە جۆرێکی دیکە لە هەوڵدان بە جۆرێکی دیکە پاکتاومان بکەن، دەیانەوێ ئەو گەشانەوەیەی کوردستان بوەستێنن و دۆخەکەمان لێ بشێوێنن.

لە بەغدا پێیانمان گوت، ئەو سیاسەتەی ئێوە بەرانبەر بە ئێمە گرووتانەتەبەر هانی هاووڵاتیانمان دەدا گوشار بخەنە سەر حکوومەتی هەرێم بۆ گۆڕینی شێوازی پیوەندیمان لەگەڵ بەغداو، هەنگاوەکانمان بۆ سەربەخۆیی بن، ئەمەش لەپێناو بەرگرتن لە قووڵبوونەوەی کێشە و ئەگەری ململانێی زیاتر، هەروەها دەستبەرداری سەردەمی شەراکەتی شکستبردوو ببین و، ببینە دوو دراوسێی باش، پێموایە شەریکەکانمان لە بەغدا کاریان بۆ شکستبردنی دەستوور کرد، بەڵگەش بۆ ئەمە، وەلانانی یاسای نەوت و غاز بوو و دەریاننەکرد، کە یاساییکە ئێمەش لە رەشنووسەکەیدا بەشدار بووین، کە پێوەندی بە وزە لەنێوان هەرێم و پارێزگاکان لە لایەك و ناوەند لە لاکەی تردا هەبوو، لە بەغدا، ماددەگەلێکی دەستوور پێشێل کران، لەنێویاندا ماددەی ١٤٠ و بابەتی پێشمەرگە و زۆری دیکە. کتومت لە بنیاتنانی دەوڵەتی هاووڵاتی، بنیاتنانی شەراکەتی حەقیقی و دیموکراسی راستینەدا شکستیان برد، پێبەپێ دەسەڵاتیان لەلای خۆیان چڕ کردەوەو، پێکهاتەکانی دیکەیان پەراوێز خست، وەك ئەوەی لەگەڵ کوردستانیاندا کردیان".

١٩ـی ٨ ـی ٢٠١٧



## له دیدارێکدا لەگەڵ (د. سوڵتان ئەبو عراب)ی ئەمینداری گشتیی یەکێتیی زانکۆکانی عەرەبی:

"لە هەموو قۆناغەکاندا پرەنسیپی شەراکەت پێشێل کراوەو، گەلی کوردستان ماندوو بووە لەوەی ئەزموونە شکستخواردووەکانی پێشوو دووبارە بکاتەوە، بۆیە بڕیاری ریفراندۆم و هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی داوە".

٢٠ـی ٨ ـی ٢٠١٧



## له دیدارێکی رۆژنامەی عوکازی سعودی:

"پاش رووخانی رژێمی سەددام حوسێن لە ساڵی ٢٠٠٣، بە حزب و سەرکردە عێراقییەکانمان گوت، وەرن با عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵی بنیات بنێین، زۆر هەوڵمان بۆ ئەمە دا و مەبەستمان

بـوو ئـەم ئەزموونـە سـەربکەوێت، کەچـی بەداخـەوە بـەرەو رووی هەمـان شـێوازی مامەڵـەی پێشـوو بووینـەوە، مافەکانیـان پێشـێل کردیـن و شـەراکەتی حەقیقییـان قەبـووڵ نەکـرد، دەسـەڵاتیان قـۆرخ کـرد. دەسـتوورێکمان هەیـە لـە عێراقـدا، تەحـەددا دەکـەم لـە بابەتـە سـەرەکییەکانی پێوەسـت بـە هەرێـم و بەغـدا، تەنیـا ماددەیەکیان لیی جێبەجـێ کردبێـت. کاتێـک دەسـتووریان پێشـێل کـرد، لەگـەڵ برایانی بەغـدا بـە راشـکاوی باسـی شکسـتی شـەراکەتم کـرد و پێمراگەیانـدن، بـا دوو دراوسـێی بـاش بیـن".

٢١ـی ٨ ـی ٢٠١٧



## لە دیدارێکدا لەگەڵ نوێنەرانی سەندیکاو رێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان:

"لـە مێـژە هەسـتم کـرد عەقڵیەتەکـە نەگـۆڕاوە، بەتایبـەتی ئـەو کاتـەی کێشـەی قەرەتەپـە هەبـوو، ئەمریـان کـرد تانـك بنێرنـە سـەر خانەقیـن، ئـەو کاتـە چوومـە بەغـدا لەگـەڵ جەنـابی مـام جـەلال لـە ماڵـی عەبدولعەزیـز حەکیـم دانیشـتین، مالیکیـش کـە سـەرۆك وەزیـران بـوو، لـەوێ بـوو، وتـم فلانـە کـەس مەسـەلە ئـەوە نییـە تـۆ ٢٠ تانـك و ٣٠ تانـك جووڵـە پێدەکەیت و دەینێریـت بـۆ خانەقیـن؟ ئێمـە لـە ٩ هـەزار تانـکی سـەدام نەترسـاین،

لـە ٢٠ تانـكی شـكاوی تـۆش ناترسـین، كێشـە عەقڵیەتەكەیـە. مـادام ئـەو عەقڵیەتـە مابێـت كـە بـڕوای وابێـت كێشـەكان بـە تانـك و فڕۆكـە چارەسـەر بـكات، ئـەوە ئەسـڵی مەترسـییەكەیە. بـەڵام ئـەو متمانەیـەی كـە هەبـوو نەمـا. زۆر هەوڵمانـدا لەگـەڵ بەغـدا، ئەمریـكا، هاوپەیمانـان، یەكێتـی ئەورووپـاو وڵاتـانی هەرێمایـەتی، ئەگـەر چارەسـەرێكی ئـەم ڕەوشـە نەكرێـت، ئاخیـری قابیـلی تەحەمـوول نییـە. بـە جدییـان وەرنەگـرت، دەیانگـوت كارتی فشـارەو بـۆ ئەوەیـە ئیمتیـازات وەربگرن، هیـچ وا نییـە، نـە كارتی فشـارەو نـە بـۆ ئیمتیازاتـە، ئێمـە تۆزێـك دواشـكەوتووین، دەبـا تۆزێك زووتـر ئـەو بڕیـارە بدەیـن".

٢٢ـی ٨ ـی ٢٠١٧



## لە دیدارێكدا لەگەڵ (جێمز ماتیووس) وەزیری بەرگریی ئەمەریكا:

"دەسـتووری عێراقیـش ئـەو مافـەی بـە گەلـی كوردسـتان داوە كـە لـە دیباچەكەیـدا بەڕوونـی ئامـاژە دراوە كـە پابەندبـوون بـە دەسـتوور مەرجـە بـۆ مانـەوەی عێـراق بـە یەكپارچەیـی، یەكگرتنـی بـەزۆر هیـچ كات سـەركەوتوو نەبووەو ئێمە یەكگرتنـی ئارەزوومەندانەمـان هەڵبژارد بـە مەرجـی شـەراكەت، بـەڵام چونكـە شـەراكەت سـەری نەگـرت و لەپێنـاو ڕێگرتـن لـە كێشـەی قووڵـتر دەمانـەوێ وەك دوو دراوسـێی باش لـە تەنیشـت یەكـتر بژیـن".

٢٦ـی ٨ ـی ٢٠١٧



## لە دیدارێکی لەگەڵ (جۆن ئێف لۆدریان) وەزیری دەرەوە و (فلورانس پارلی) وەزیری بەرگریی فەڕەنسا:

"گەلی کوردستان ناتوانێت چیتر ئەزموونە شکستخواردووەکان لەگەڵ عێراق دووبارە بکاتەوە، مادام یەکگرتنی ئارەزوومەندانە شکستی خواردووە و سەدساڵە چەمکی شەراکەت پێشێل کراوە، گەلی کوردستان ڕێگەی خۆی دەگرێتەبەرو خوازیارە وەك دراوسێ پەیوەندی دۆستانە و باشی لەگەڵ بەغدادا هەبێت".

٦ـی ٩ ـی ٢٠١٧



## لە دیدارێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەنوسان و هونەرمەندان:

"ئێستا عێراق نە کۆمارییە و نە پەرلەمانییە و نە دیموکراتییە و بۆتە حکوومەتێکی تائیفی مەزهەبی، ئەگەرسیستمی سیاسیی عێراق بە زۆرینە بێت، کورد لە هەموو شتێکدا دۆڕاوە، چونکە هەمیشە کورد کەمینە دەبێت لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا".

٧ی ٩ی ٢٠١٧



## له دیدارێکدا لەگەڵ کەناڵی ئەلعەرەبییە:

"ئێمە لەسەر بونیاتنانی دەوڵەتێکی مەدەنی دیموکراتی رێککەوتین، بەڵام ئێستا حکوومەتێکی مەزهەبی و تاییفی دەسەڵاتی گرتۆتە دەست. بەر لە چوار ساڵ هۆشداریمان داوەو حکوومەتی عێراق رۆژ لە دوای رۆژ لە پرسی هاوبەشی دوور دەکەوتەوە و دەستووری پێشێلدەکرد، بەر لە ٢٠٠٣ هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی زۆر زیاتر بوو لە ئێستاو زۆرتر سەربەخۆ بوو، بەڵام لەپێناو بونیاتنانی دەوڵەتێکی مەدەنی و هاوبەشی راستەقینە چووینەوە بەغدا".

٩ی ٩ی ٢٠١٧



## له دیداریدا لەگەڵ ئەمینداری گشتیی کۆمکاری عەرەبی (ئەحمەد ئەبوغەیت):

"لە مێژووی هاوبەشی گەلی کوردستان و دەوڵەتی عێراقداشەراکەت جێبەجێ نەکراو تەوافوق و دەستوور و رێککەوتنەکانیش پێشێل کران، بەپێی ئەزموونە شکستخواردووەکان لە قۆناغی جۆراوجۆر و جێبەجێنەبوونی شەراکەت و پێشێلکاری دەستوور و رێککەوتنەکان،

متمانە لەنێوان هەرێمی کوردستان و عێراقدا نەماوە، بۆیە گەلی کوردستان بڕیاری ریفراندۆمی داوەوبە ئامرازی ئاشتیانە و دیالۆگ و دانوساندن مافەکانی خۆی مسۆگەر دەکات".

١٦ی ٩ ی ٢٠١٧



## لە دیدارێکی جەماوەریی شاری دهۆك:

"دوای ٢٠٠٣ هیواخوازبووین عێراقێکی تازە درووست ببێت، بەڵام زۆری پێنەچوو سەلماندیان هەمان عەقڵییەت لە بەغدان نکۆڵی لە بوونی مافی کورد دەکەن، بە بڕینی نانی خەڵکی کوردستان ئەنفالێکی دیکە ڕووبەڕووی کوردستان بووەوە، دەبوایە بزانن لەو ڕۆژەی ئەو بڕیارە درا، ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان بەوانەوە نەما".

١٨ی ٩ ی ٢٠١٧



## لە دیدارێکدا لەگەڵ (مایکڵ فالّن) وەزیری بەرگریی بەریتانیا:

"بە درێژایی ساڵانی رابردوو چەندینجار بەغدامان ئاگادار کردەوە، کە ئەگەر لەسەر پێشێلکردنی دەستوور و نەهێشتنی شەراکەت و هاوسەنگی بەردەوام بن، ئێمە بۆ رای گەلەکەمان دەگەڕێینەوە".

٢٠ی ٩ی ٢٠١٧





## لە دیدارێکی جەماوەری شاری سلێمانی:

"دەبوو لە عێراقدا دەوڵەتێکی فیدراڵی دروست بێت، بەڵام ئەمڕۆ دەوڵەتێکی ئایینی و مەزهەبییان دروست کردووە، ئەمەش ناگونجێ لەسەر ئەو بنەمایانەی کە لەسەری رێککەوتووین، لە دەسپێکدا وایاندەزانی ریفراندۆم کارتی گوشارە، بۆیە گرنگییان پێنەدا، پار ئێمە بە کاربەدەستانی بەغدامان گوت شەراکەت شکستی هێنا با ببینە دراوسێ باش".

٢٠ی ٩ی ٢٠١٧



## لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ (فواد مەعسوم) سەرکۆماری عێراق و حزبەکانی سلێمانی:

"هەموو شێوەکانی پەیوەندیمان لەگەڵ بەغدا تاقی کردۆتەوە، لە لامەرکەزییەوە تا ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی، هەموویان شکستیان هێنا، چونکە لە بەغدا تەنها دەموچاوەکان گۆڕان و هەمان عەقڵییەت حوکمڕانە کە باوەڕی بە پێکەوەژیان و شەراکەت و بوونی گەلی کوردستان نییە".

٢٢ـی ٩ ـی ٢٠١٧



## بەشێک لەوتاری سەرۆک بارزانی لە کەرنەڤاڵی جەماوەری شاری هەولێر:

"دوای ئەوەی دەستوورێک بۆ عێراق نووسرایەوە، گەلی کوردستان ئەو دەستوورەی لە دەنگدان رزگار کرد، گەلی کوردستان پێی رازی بوو، بەلام شەراکەت نەماو ئیلتزام بە دەستوور نەکرا، بڕینی بودجەش ئەنفالێکی دیکە بوو بەسەر گەلی کوردستانیان هێنا، بڕیار بوو دەوڵەتێکی مەدەنی و فیدراڵی و دیموکراسی دروستبێ، بەلام پرسیار لە هەمووان دەکەم ئایا ئەو دەوڵەت حاکمە، یان دەوڵەتێکی مەزهەبی".

٢٩ـی ١٠ـی ٢٠١٧



## بەشێک لە پەیامی سەرۆک بارزانی بۆ رای گشتی:

""وامانزانی دوای ٢٠٠٣ دەرفەتێکی نوێ رەخساوە تا عێراقێکی دیموکراتی نوێ دابمەزرێنین کە هەموو لایەك ئەرك و مافی خۆی

بزانێـت، دەسـتوور نووسرایـەوە، هەرچەنـدە کەموکـوڕی هەبـوو بـەڵام پەسـند کـرا، دواتـر دەرکـەوت پێشـێل و لاواز دەکرێـت تـا بـەرەو نەمـان چـوو، عێراقیـش کەوتـەوە دەسـت یـەك لایـەن. سـەرباری ئـەوە زۆر هەوڵمانـدا بگەڕێینـەوە بـۆ دەسـتوور و ڕێککەوتنەکانـی نێوانمـان، بـەڵام کەڵکـی نەبـووە. لەگـەڵ (هاوپەیمانـی نیشـتیمانی) زۆر باسـمان کـرد کـە دۆخەکـە مەترسـیدارەو بـەم شـێوەیە ڕەنگـە خوێـن بـڕژێ، گوتمـان ناتوانیـن هاوبەشـی ڕاسـتینە بیـن، بـا دراوسـێی بـاش بیـن، ئـەوکات هەڵوێسـتی باشیان نیشـاندا، کەچـی ئێسـتا بـە سـواری تانکـەوە شـەڕی کوردسـتان دەکـەن".

# تدهور العراق

## من وجهة نظر الرئيس مسعود البارزاني

اسم الكتاب: تدهور العراق
من وجهة نظر الرئيس مسعود البارزاني

الاعداد: آسو علي فرج

الاشراف: زكري موسى

مراجعة القسم العربي: محمد عبدالله كلاري

مراجعة القسم الانكليزي: فهيل علي

المصور: عدنان برواري

المصمم: آسو مامزاده

الطبعة: الاولى / ٢٠١٩

عدد النسخ: ٣٠٠٠

المطبعة: روكسانا – اربيل

رقم الايداع في المديرية العامة للمكتبات العامة:

( ٢٥٩١ ) لسنة ٢٠١٩.

تحذيرات سنة ٢٠١٠

١٢٤ • الرئيس البارزاني يستقبل السفيرة الجديدة لجمهورية الجيك لدى العراق.
١٢٥ • الرئيس بارزاني يلتقي الجالية الكوردستانية في واشنطن.
١٢٦ • الرئيس بارزانى يوضح في البرلمان أوضاع العراق وإقليم كوردستان.
١٢٧ • مقابلة السيد مسعود بارزاني مع صحيفة المدى.
١٢٩ • الرئيس بارزانى لفضائية لفرانس ٢٤: الفدرالية هي الحل الناجح لمعالجة مشكلات العراق.
١٣٠ • الرئيس بارزاني: الدستور هو الضمانة لمعالجة التعقيدات التي تعرقل العملية السياسية.
١٣٠ • خطاب الرئيس بارزاني في أعمال مؤتمر تحالف الديمقراطيين فى روما.

تحذيرات سنة ٢٠١١

١٣٤ • كلمة الرئيس بارزانى في أعمال المؤتمر الخاص بممثليات حكومة الإقليم في الخارج.
١٣٥ • كلمةالرئيس بارزانى الى أبناء مدينة كويسنجق.
١٣٧ • الرئيس بارزانى يدعو الى عقد مؤتمر وطني عاجل.
١٣٧ • الرئيس بارزانى يستقبل وفداً رفيعاً من التيار الصدري.
١٣٨ • الرئيس بارزانى يتلقى إتصالا هاتفيا من نائب رئيس الولايات المتحدة الأمريكية.
١٣٩ • الرئيس بارزانى يتلقى اتصالاً هاتفياً من الأمين العام لجامعة الدول العربية.
١٣٩ • مقابلة الرئيس بارزانى مع قناة الجزيرة.

١٤٢ • الرئيس بارزانى يستقبل (مارتن كوبلر) ممثل الأمين العام للأمم المتحدة في العراق.

١٤٣ • جانب من اللقاء الصحفي للرئيس بارزاني مع قناة BBC الفارسية.

١٤٣ • رئيس إقليم كوردستان لوكالة رويترز.

١٤٤ • الرئيس بارزانى لقناة العربية .

١٤٤ • الرئيس بارزانى يستقبل د.أياد علاوي رئيس القائمة العراقية.

١٤٥ • الرئيس بارزانى يجتمع مع ممثلي الدول العربية والاسلامية والاجنبية في الإقليم.

١٤٦ • كلمة الرئيس بارزانى في المؤتمر القومي الثاني لشبيبة كوردستان.

١٤٧ • خطاب الرئيس بارزانى لمناسبة حلول عيد نوروز.

١٤٨ • جانب من لقاء الرئيس بارزاني مع قناة الشرقية.

١٤٨ • قسم من مقابلة الرئيس بارزانى مع قناة الحرة .

١٥٠ • الرئيس بارزانى يجتمع مع الجالية الكوردستانية المقيمة في الولايات المتحدة.

١٥١ • الرئيس بارزانى يجتمع مع رؤساء و مدراء تحرير الصحف والمجلات ومحطات الإذاعة والتلفزة في الإقليم.

١٥٢ • الرئيس بارزاني لـ"الجزيرة الانكليزية".

١٥٣ • مقابلة الرئيس بارزانى مع صحيفة المدى.

١٥٦ • حوار الرئيس بارزانى مع صحيفة الزمان.

تحذيرات سنة ٢٠١٣


الرئيس بارزانى يجتمع مع ممثلي الدول العربية والإسلامية والأجنبية المعتمدين لدى الإقليم. • ١٥٨

بيان من الرئيس بارزانى حول تداعيات الازمة الراهنة و تصحيح مسار العملية السياسية. • ١٥٩

الرئيس بارزانى يجتمع مع وفد من سفراء دول الإتحاد الأوربي لدى العراق. • ١٦٠

جانب من كلمة لرئيس بارزاني في مراسيم الذكرى الـ٦٠ لتأسيس اتحاد طلبة كوردستان و اتحاد الشبيبة الديمقراطي الكوردستاني. • ١٦٠

كلمة الرئيس بارزاني في المؤتمر الدولي حول تعريف الإبادة الجماعية للكورد المنعقد في أربيل بمناسبة الذكرى ٢٥ لفاجعة حلبجة. • ١٦٢

الرئيس بارزانى يستقبل الرئيس المناوب لحزب الخضر الألماني. • ١٦٣

الرئيس بارزانى يستقبل النائب السابق لوزير الخارجية و عضو لجنة العلاقات الخارجية في البرلمان الايطالي. • ١٦٤

الرئيس بارزانى يستقبل وزير الخارجية الايطالي السابق. • ١٦٤

الرئيس بارزانى يستقبل سفير الولايات المتحدة الأمريكية في العراق: • ١٦٥

الرئيس بارزانى يستقبل رئيس المجلس الوطني العراقي. • ١٦٥

الرئيس بارزانى يستقبل نائب رئيس جمهورية العراق و وفد من التحالف الوطني العراقي: • ١٦٦


تحذيرات سنة ٢٠١٤


كلمة الرئيس بارزانى خلال مراسم استقبال رفات ٩٣ شهيدا من المؤنفلين البارزانيين، الذين عثر على رفاتهم في جنوب العراق. • ١٦٨

الرئيس بارزانى لـ «الحياة»: العملية السياسية توشك على الفشل... ونقاوم احتمالات سقوط التعايش. • ١٦٨

رسالة الرئيس بارزانى الى الرأي العام العراقي والكوردستاني. • ١٧٠

الرئيس بارزانى يزور يلقي كلمة في برلمان كوردستان. • ١٧٢

رسالة مفتوحة من الرئيس بارزانى الى الشعب العراقي وقواه الوطنية. • ١٧٣

## تحذيرات سنة ٢٠١٥


١٨٦ • الرئيس بارزانى يستقبل وزير الخارجية القطري.

